# پرسی نەتەوەیی

## بەشی سێیەم:
## فیدراسیۆن، ناوەندیکردن و تایبەتگەرێتی

ڕۆزا لۆکسمبێرگ



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شۆڕش فەرامەرزی

**بەشی سێیەم:**
**فیدراسیۆن، ناوەندیکردن و تایبەتگەڕێتی**

ئەمجار دەبێ باسی فیدراسیۆن بکەین کە چارەسەرێکی ترە و بەئەنقەست بۆ پرسی نەتەوەیی ڕەچاو کراوە. فیدراڵیزم لەمێژە بیرۆکەیەکی تایبەتیی ئەو شۆڕشگێڕانە بووە وا ڕەنگ و بۆنی ئەنارکییان هەیە. ساڵی ١٨٤٨ باکونین لە مانیفێستەکەیدا نووسیویەتی: "شۆڕش دەیەوێت بە هێزی خۆی دەوڵەتە سەرەڕۆکان هەڵوەشێنێ، دەوڵەتی پڕووسی لێک هەڵوەشێنێ، نەمسا ... تورکیا ... (لێک بڵاو بکا)، دەیەوێ قەڵای پتەوی سەرەڕۆکان تێکوپەکان بدات، دەوڵەتی ڕووسیاش (لە ناو بەرێ) ... و ئامانجی کۆتاییشی ئەوەیە جیهانی کۆمارەکانی ئەورووپا (دامەزرێنێ)". لەوە بەولاوە فیدراسیۆن لە بەرنامەی ئەو پارتە سۆشیالیستانەی وا تایبەتمەندیی تاڕادەیەک یۆتۆپیایی وردە بوورژوازییان بوو، وەک چارەسەری ئایدیالی هەموو کێشە نەتەوەییەکانی لێهات؛ مەبەست ئەو پارتانەیە کە وەک سۆشیال دیموکراسی بۆچوونی مێژوویان نەدەگرتە بەر، بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی «ئایدیالە» زەینییەکانەوە بۆی دەچوون. یەکێک لەوانە بۆ نموونە پارتی سۆشیال شۆڕشگێڕی[1] ڕووسیایە. هەروەها PPS لە قۆناغی ڕاگویزرانی خۆیدا، کاتێک کە داخوازیی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی وەلا نابوو و خەریک بوو هەموو بۆچوونێکی فەلسەفی بخاتە پشت گوێ یەکێکی تر لەوانەیە. دوای ئەوەش هەندێک لە گرووپە سۆشیاڵیستییەکان لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیدا (دەکرێ ئاماژەیان پێ بکرێ) کە لە کۆتایی ئەو بەشەی ئێستادا پتر لەگەڵیان ئاشنا دەبین.

ئەگەر بپرسین بۆ چی دروشمی فیدراسیۆن لە ناو ئەو شۆڕشگێڕانەی وا بۆنی ئەنارکیستییان لێ دێت بە شێوەیەکی بەربڵاو پەسندکراوە، ڕەنگە وڵامەکەی زۆریش سەخت نەبێ: فیدراسیۆن، لانیکەم لە بۆچوونی شۆڕشگێڕانەی ئەو سۆشیاڵیستانەدا، بریتییە لە «سەربەخۆیی[2]» و «یەکسانی[3]»ی نەتەوەکان و «برایەتی[4]». لە ئەنجامدا، لە ڕوانگەی یاسای نەتەوەکان و دەوڵەتـنەتەوەوە، تا ئێستا خاڵی گرینگی تایبەت لە واقعییەتی تاڵ و هەستەکی ئەوەیە کە، بابەتێکی تاک و ئایدیۆلوجیکە؛ هەڵبەت دەبێ ئەو مەرجەش ڕەچاو کەین کە نابێ لە بیری کرێ نەتەوەکان ناتوانن لە خەیاڵی پووچی «مافەکان»دا، وەک «دەوڵەتـنەتەوە»(یەکی سەربەخۆ) تەواو لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و درێژە بە ژیانیان بدەن، بەڵکوو لە نێوانیاندا هەندێک پێوەندیش هەیە. لە مێشکی ئەو داهێنەرە شۆڕشگێڕانەدا بابەتگەلێک دەهات و دەچوو کە بریتی بوون لە: پێوەندیگەلێک کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا پەرەی گرتووە، گەشەکردنی مادی کە

---

[1] Social Revolutionary
[2] Independence
[3] Equality
[4] Fraternity

ناوچە گشتییەکانی - بە بێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە نەتەوەییەکان - پێکەوە جۆش داوە و ناوەندگەرێتیی گەشەکردنی بوورژوازی؛ ئەوان لە پێوەندیی نێوان نەتەوەکاندا، بە جێی «هێزی توندوتیژ»، «خۆبەخشی»یان دانا. هەروەها لەو باسانەدا کۆماریگەری بەڕوونی خۆی دەردەخا - بە هۆی ئەوەی کە ئاشکرا بە دڵی خودی «خواست و ئیرادەی ئەو خەڵک»ـەشە کە سەربەخۆیی و یەکسانی نەتەوەکانیان گەرەکە و هاوکات بە بڕیزییەوە هەموو پاشماوەکانی پاشایەتی[5] دەخاتە زبڵدانی مێژووەوە. بەو شێوەیە دونیای بوورژوازی کوتوپڕ بەرگی یەکێتیگەلێکی کۆماریی سەربەخۆ، واتە فیدراسیۆن، وەسەر خۆی دەکێشێ. لێرەدا وێنەیەک لە هەمان کاریکاتۆری واقعییەتی مێژووی «شۆڕشگێڕی»ـمان هەیە کە بە پێی ئەو بەرنامەی ڕووسیای تزاری بۆ سڵاڤە باشوورییەکان - وەک باکونین دەڵێ - گۆڕا و بوو بە ئەنارکیزمی ئایدیالی پان سڵاڤ، واتە « خەڵکی سڵاڤ». بەرنامەی PPS یش کە لە کۆنگرەی هەشتومی ساڵی ١٩٠٦ دا پەسند کرا، بەکارهێنانی هەمان ئەو گۆڕینی واقعییەتانەیە، بەڵام لە قەبارەیەکی بچووکتردا کە بریتی بوو لە کۆماریی پۆڵەندا و ڕووسیا. تا کاتێک هەڵوێستی نیشتمانپەروەریی کۆمەڵایەتی - لە سەردەمی پێش‌ـشۆڕشدا - بە هەموو بێخەوشی و یەکدەستیی خۆیەوە گیرابوو، PPS ـیش تەنیا بەرنامەی دەوڵەت‌ـنەتەوەی پەسند دەکرد و بە بڕیزی و تووڕەییەوە بیرۆکەی ڕەد دەکردەوە کە لە لایەن شۆڕشگێڕە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیاوە دەخرایە ڕوو. کاتێک لافاوی شۆڕش کوتوپڕ هەموو پێشگریمانەکانی لەگەڵ خۆی برد و PPS خۆی بە ناچار دیت کە دان بەو واقعییەتەدا بنێ وا چیتر نەیدەتوانی نەدیدەی بگرێ، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە ئاشکرایە کە شۆڕشی هاوبەش، یەکگەوەهەربوونی کۆمەڵاتیی پۆڵەندا و ڕووسیا بە دروستی دەنوێنێ، بەرنامەی پۆڵەندا و ڕووسیا، کە لەوە پێش وەک شتێکی ناحەز و قیزەون دەبینرا، بوو بە شێوە و چوارچێوەیەکی لەبار و جێی پەسند. هاوکات PPS وەک هەموو پارتە شۆڕشگێڕییەکانی وەک خۆی ئەو ڕاستییەی لەبەر چاو نەگرت کە: کاتێک سۆشیال دیموکراسی گەشەکردنی سەرمایەداریی هاوبەشی پۆڵەندا و ڕووسیای وەک بنەمای مێژوویی بەرنامە و تەکتیکەکانی خۆی دانا، تەنیا یەک حەقیقەتی مێژوویی هەستەکی دەدرکاند؛ ئەویش پشتنەبەستن بە خواست و ئیرادەی سۆشیاڵیستەکان بوو. لەو حەقیقەتەوە دەبوو ئەنجامێکی شۆڕشگێڕانە وەرگیرێ کە هەمان خەباتی یەکگرتووی چینایەتیی پرۆلیتاریای پۆڵەندی و ڕووسییە. بەڵام PPS بە خستنەڕووی بەرنامەی پۆڵەندا و ڕووسیا، زۆر زیاتر چووە پێشەوە، واتە: بە جێی ملکەچبوونی داماوانە سەبارەت بە چارەنووسی مێژوویی، خۆی بە شێوەیەکی چالاکانە یەکێتی پۆڵەندا و ڕووسیای پێشنیار کرد و بەرپرسایەتیی ئەو یەکێتییەشی وەئەستۆ گرت و بە جێی گەشەکردنی بێلایەنانەی مێژوویی، ڕەزامەندیی چالاکانەی سۆشیاڵیستەکانی لە چوارچێوەی «شۆڕشگێڕی»ـدا دانا.

[5] Monarchism

بەڵام ڕێکخراوەی سیاسیی فیدراڵیزمیش وەک خودی دەوڵەتـنەتەوە، ناوەرۆکی مێژوویی پێناسەکراو و چوارچێوەیەکی یەکسەر جیاوازی خۆی هەیە و ئایدیۆلوجیایەکی زەینیی سەربەخۆش بەو چوارچێوەیەوە لکێنراوە. هەر بۆیەش بیرۆکەی فیدراڵیزم تەنیا کاتێک دەکرێ لە ڕوانگەی چینایەتیی پرۆلیتاریاوە هەڵسەنگێندرێ کە چارەنووسی ڕۆڵی ئەو بیرۆکەیەمان لە گەشەکردنی سۆشیاڵیستیی نوێدا لێک دابێتەوە.

II

هیچ قسەی تێدا نییە کە ئارەزووی بەرچاوی گەشەکردنی سەرمایەداری لە هەموو وڵاتەکاندا، ناوەندگەرێتیی ناوخۆیی، ئابووری و سەرمایەدارییە، واتە (سەرمایەداری) تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی چوارچێوەی هەرێمی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئابووری، یاسادانەری، بەڕێوەبەرایەتی، دادوەری، نیزامی و شتی ترەوە لە یەک بوونەوەری تاکدا ورد و یەکپارچە بکاتەوە. لە چاخی ناوەڕاستدا، ئەو ماوەیەی فیۆدالیزم باو بوو، پێوەندیی نێوان بەشەکان و ناوچەکانی تەنانەت ناوخۆی یەک دەوڵەتیش، یەکجار لاواز بوو. هەر بۆیەش هەموو گەورەشارەکان بە دێهاتی دەوروبەرەی خۆیانەوە، خۆیان بەشی هەرە زۆری پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەرهەم دێنا؛ هەروەها یاسادانەریی خۆیان، بەڕێوەبەرایەتیی حکوومی خۆیان و سپای خۆشیان بوو؛ شارە گەورەترەکان و دەوڵەمەندترەکانی ڕۆژاوا لە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکاندا خۆیان شەڕیان بەڕێوە دەبرد و پەیمانیان دەبەست. هەر بەو شێوەیەش کۆمەڵگا گەورەترەکان ژیانی سەربەخۆ و بەجویێ خۆیان هەبوو و لە هەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی فیۆدالێکدا، یان تەنانەت لە هەر دەڤەرێکدا کە شیڤالییەیەک بەڕێوەی دەبرد، هەندێک وردە دەوڵەتی تا ڕادەیەک سەربەخۆی تێدا بوو. تایبەتمەندیی هەلومەرجی ئەو کاتە ئەوە بوو کە هەموو ڕێساکانی دەوڵەت[6] (لە دۆخی ئەودەمدا) کەم و کز بوونەوە. هەر شاروچکەیەک، هەر گوندێک و هەر ناوچەیەک یاسای جیاواز و (سیستەمی) ماڵیاتی جیاوازی خۆی هەبوو؛ (چوارچێوەی) هەر دەوڵەتێک پڕ بوو لە سنووری یاسایی و نەریتیی کە بەشێکی ئەو وڵاتەیان لە بەشەکانی تر جیا دەکردەوە. ئەو لێکبڵاوبوونە نیشانەی تایبەتی ئابووریی سروشتی و وەبەرهێنانی داهێنەرانەی پیشەسازیی ئەو چاخە بوو.

لە ناو ئەو چوارچێوە لەتلەتەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ـ کە پێوەندی بە ئابووریی سروشتییەوە بوو ـ و لە دۆخی یەکپارچەییەکی لاواز کە لە نێوان بەشەکانی ئۆرگانیزمی دەوڵەتدا بوو، لە سەرانسەری چاخی ناوەڕاست لە ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژاوادا، هەرێمەکان و وڵاتە گشتییەکان بەردەوام دەستاودەست دەکران. هەروەها (لەو سەردەمەدا) پێکەوە پەیوەستبوونی وڵاتەکانیش سەرنجمان ڕادەکێشێ کە لە ڕێگای

[6] State Norms

کڕین و فرۆشتن، گۆڕینەوەی کاڵا[7]، بارمتەدانان[8]، میراتگری و هاوسەرگیری ڕووی دەدا؛ نموونەی ئاسایی ئەو دۆخە پاشایەتیی هاپسبورگ بوو.

کۆی فاکتەرگەلێکی وەک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی وەبەرهێنان و پێوەندییە بازرگانییەکان لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، پەرەسەندنی وەبەرهێنانی کاڵاکان و ئابووریی بە پێی پارە، هاوڕێ لەگەڵ گەشەکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی هاوکاتی سیستەمی نیزامی و وردەوردە لەناوچوونی شیڤالییەگەرێتی و پەرەگرتنی سپای پیادەنیزام[9]، بە گشتی پێکەوە لە پێوەندییە سیاسییەکاندا زێدەبوونی هێز و دەسەڵاتی پاشایەتی و زۆرداریگەرییان[10] بەرهەم هێنا. مەبەستی سەرەکیی زۆرداریگەری، بەدیهێنانی دەزگای ناوەندیکراوی دەوڵەتە. سەدەکانی شازدە و حەڤدە، سەردەمی ململانێی بەردەوامە لە نێوان حەزی ناوەندخوازانەی زۆرداریگەری لەگەڵ پاشماوەکانی تایبەتگەری[11] فیۆدالیزم. زۆرداریگەری لە دوو ئاراستەدا پەرەی سەند: هەڵمژینی کارکردەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنەکان و ئەنجومەنە پارێزگاییەکان و شارەوانییە خۆبەڕێوەبەرەکان؛ هەروەها ستانداردکردنی بەڕێوەبەرایەتی لە هەموو وڵاتدا بە دروستکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی تازە لە بەڕێوەبەرایەتی و دادوەری و هەروەها یاسای شارومەندی[12]، سزادان[13] و بازرگانی. ناوەندگەرێتی لە سەدەی حەڤدەدا بە ڕواڵەتی «سەرەڕۆیی ڕووناکبیرانە[14]»وە، یەکسەر ئەورووپای داگرت، کە هەڵبەت زۆر زووش بوو بە سەرەڕۆییەکی پۆلیسی-بۆرۆکراتیکی تاریکبیر[15].

لە ئەنجامی ئەو دۆخە مێژووییەی کە لەودا زۆرداریگەری یەکەمین و سەرەکیترین وەپێشخەری ناوەندگەرێتیی دەوڵەتی نوێ بوو بە ڕواڵەت حەز و ئارەزوویەک پەرەی گرت بۆ ئەوەی ناوەندگەرێتی بە گشتی بە زۆرداریگەرییەوە بناسرێتەوە، واتە هەمان کۆنەپەرستی[16]. لە ڕاستیدا لە کۆتایی چاخی ناوەڕاستدا تا ئەو کاتەی زۆرداریگەری لەگەڵ پرژوبڵاوی و تایبەتگەرێتیی فیۆدالیزم بەربەرەکانی دەکرد، بێگومان وەک نمایشێک لە پێشکەوتی مێژوویی دەزانرا. ستاژیک[17] بە باشترین شێوە لەو بابەتە تێگەیشتووە کە دەڵێ خەڵکانی پلەبەرز(ی پۆڵەندا) ناتوانن «لە سەردەمی دەسەڵاتداری تاکەکەسی سەرەڕۆکاندا[18]» درێژە بە ژیانیان بدەن. لە لایەکی ترەوە خودی زۆرداریگەریش لە هەمبەر کۆمەڵگای بوورژوازیی نوێدا، تەنیا ڕۆڵی

[7] Exchange
[8] Pawning
[9] Standing Armies
[10] Absolutism
[11] Particularism
[12] Civil
[13] Penal
[14] Enlightened despotism
[15] Unenlightened, police-bureaucratic despotism
[16] Reaction
[17] Staszic
[18] Autocracy

دوایین جامی ماڵاوایی هەبوو؛ کۆمەڵگایەک کە ئەو(زۆرداریگەری) لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بە لەناوبردنی فیۆدالیزم و بیناکردنی دەوڵەتێکی گەورەی یەکپارچەی نوێ لەسەر وێرانەکانی ئەو، ڕێگای بۆ خۆش دەکردن. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای بوورژوازی، بە سەربەخۆیی و جیا لە زۆرداریگەریی و دوای لەناوچوونی مێژوویی ئەو، بە هێز و توانایەکی بەردەوام و بێ کەموکووڕی درێژەی بە لایەنگری لە ناوەندگەرێتی دا. ناوەندگەرێتیی ئێستاکەی فەڕەنسا وەک وڵاتێکی سیاسی، بەرهەمی شۆڕشی گەورە(ی فەڕەنسا) بوو. هەر خودی ناوی «شۆڕشی گەورە»، کارتێکەرییەکەی گەیبێتە هەر جێگەیەکی ئەورووپا، کاریگەریی ناوەندیگەرانەی خۆی داناوە. بەرهەمێکی ئەو ناوەندیگەرێتییەی شۆڕش، «کۆماری هێلڤێتیک» بوو کە لەودا ( لە ساڵی ١٧٩٨دا ) ئەو کانتۆنە سویسییانەی وا یەکگرتوویەکی لاوازیان پێکەوە بوو، یەکپارچە بوون. یەکەم کاری دەسبەجێی شۆڕشی مانگی مارچی ئەڵمانیا(١٨٤٨) ئەوە بوو کە بە دەس جەماوەری خەڵکی بەناو باڵەخانەی گومرک[19] [Mauthauser] نیشانەکانی تایبەتگەرێتیی چاخی ناوەڕاستیان تێکوپەکان دا.

سەرمایەداری بە سیستەمی وەبەرهێنانی ڕێژەزۆری خۆیەوە کە گرینگترین پرەنسیپەکەی سەرنجپێدانی زۆر ورد و تایبەتە، هەموو ئاسەواری پەڕاوێزخستنی ئابووری، سیاسی و یاسایی چاخی ناوەڕاستی یان تەواو ڕامالیوە، یان خەریکە ڕای دەماڵێ. پیشەسازیی گەورە پێویستی بە بازاڕەکان و ئازادیی بازرگانی بێبەربەست لە ناوچە بەربڵاوەکان هەیە. پیشەسازی و بازرگانییەک کە خراونەتە ناوچە بەربڵاوەکانەوە، پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتیی یەکدەست، ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی یەکدەستی ڕێگەوبان و پێوەندییەکان، یاسادانەری و دادوەریی یەکدەست و هەروەها تا ئەو جێیەی دەکرێ بازاڕی نێونەتەوەیی گشتی هەیە، بەڵام بەر لە هەموو ناوچەگشتییەکان،(ئەو پێویستییەیان) لە ناوخۆی وڵاتەکانی خۆیاندا بە شێوەی سەرتاسەری هەیە. لەناوچوونی گومرک، سەربەخۆیی ماڵیاتیی شارەوانییە جیاجیاکان و سەرووەت و سامانی خان و خانزادەکان و سەربەخۆیی ئەوان لە بەڕێوەبردنی دادگە و یاسا، یەکەم دەسکەوتی بوورژوازیی نوێ بوو. لەگەڵ ئەوەش دەوڵەت وەک دەزگایەکی گەورە هاتە ئاراوە کە هەموو کارکردەکانی پێکەوە دەکرد کە بریتی بوون لە: بەڕێوەبەرایەتی (ی گشتی) بە دەست دەوڵەتی ناوەندی؛ یاسادانەری بە دەست دەسەڵاتی یاسادانەر (ی سەربەخۆ) ـ واتە پەرلەمان؛ هێزی نیزامی لە چوارچێوەی سپایەکی یەکپارچەدا کە لە ژێر فەرمانی دەوڵەتی ناوەندی دابێ؛ ڕێکخستنی گومرک[20] بە شێوەی یەک حەقی گومرک[21] لە چوارچێوەی سنوورەکانی هەموو وڵاتدا؛ یەک دراوی تایبەت لە هەموو وڵاتدا و هتد. دوەڵەتی نوێ هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوەش بۆ

[19] Customs houses
[20] Customs Arrangements
[21] Tariff

چوارچێوەی ژیانی دەروونیش بەرنامەیەکی خستە ڕوو و تا ئەو جێیەی دەکرا یەکدەستی لە سیستەمی فێرکاری قوتابخانەکان و دۆخی کلیساکان و شتی تر، لەسەر بنەماگەلێکی هاوشێوە لە سەرتاسەری وڵاتدا پێک هێنا. بەکورتی ئەگەر بمانەوێ تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ ناوەندگەرێتی لە هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوون بکەینەوە دەبێ وەک سەرچەشن چاو لە ڕەوتی هەستەکی و بەرچاوی سەرمایەداری بکەین. لەگەڵ بەرەوپێشڤەچوونی سەرمایەداری، ناوەندگەرێتی پتر لە جاران هەموو ئاستەنگەکانی پێش خۆی ورد و خاش دەکا و نەک لە ناو هەموو وڵاتە گەورەکاندا بەڵکوو لە هەموو دونیای سەرمایەداریدا لە ڕێی یاسادانانی نێونەتەوەییەوە، بەرەو هەندێک دامەزراوەگەلی یەکدەست و یەکپارچە دەڕوا. خزمەتگوازیگەلێکی وەک پۆست و تێلێگراف و پێوەندیی ڕێگای ئاسن، بۆ چەندین دەیە بابەتی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بووە.

یەکێک لە سەرەکیترین بناغەکانی سیستەمی سۆشیاڵیستیی داهاتوو ئەوەیە کە گەشەکردنی سەرمایەداری بەرەو ناوەندگەرێتی دەچێ، چونکە لە ڕێی زۆرترین وردبوونەوە لەسەر وەبەرهێنان و گۆڕینەوە(ی کاڵا)، بناغەکە ئامادە دەبێ بۆ ئابوورییەکی سۆشیالیزەکراو کە بە پێی پلانێکی یەکپارچە لە ئاست و قەبارەی هەموو دونیادا بەڕێوە بچێ. لە لایەکی ترەوە لە کۆتاییدا پڕۆلیتاریا تەنیا لە ڕێگای یەکپارچەکردن و ناوەندیکردنی هێزی دەوڵەت و چینی کرێکارەوە ـ وەک هێزی نیزامی ـ دەتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەس بگرێ بۆ ئەوەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بێنێتە ئاراوە و شۆڕشی سۆشیاڵیستی بەڕێوە بدات.

لە ئەنجامدا ئەو چوارچێوە سیاسییە گونجاوەی وا خەباتی چینایەتیی نوێی پڕۆلیتاریا تێیدا کار دەکا و سەردەکەوێ، هەمان دەوڵەتی سەرمایەداریی گەورەیە. زۆرجار لە ڕیزی سۆشیاڵیستەکاندا ـ بەتایبەت لایەنی یۆتۆپیاییەکەی ـ تەنیا سەرنج دەدرێتە سەر ڕەهەندی ئابووریی گەشەکردنی سەرمایەداری و بابەتەکانی تری ئەو (وەک پیشەسازی، چەوساندنەوە، چینی پڕۆلیتاریا و گوشارەکان) وەک پێشمەرجی ناچار بۆ سۆشیاڵیزم لەبەر چاو دەگیرێن. لە بواری سیاسییەوە زۆرتر تەنیا دامەزراوە دیموکراتیکە دەوڵەتییەکان، پەرلەمانتاریزم و ئازادیگەلی جۆراوجۆر وەک مەرجە ناچارەکانی ئەو بزووتنەوەیە دادەنرێن. لە حاڵێکدا زۆرجار لە بیر دەکرێ کە دەوڵەتی گەورەی نوێش خۆی پێشمەرجێکی ناچارە بۆ گەشەکردنی خەباتی چینایەتیی نوێ و بێگومان سەرکەوتنی سۆشیاڵیزم دابین دەکات. کارگێڕیی مێژوویی پڕۆلیتاریا، سۆشیاڵیزمێک نییە کە لە هەموو جێیەک بە شێوەی جیاواز بشێ و بگونجێ، هەروەها دیکتاتۆریەتیش نییە، بەڵکوو شۆڕشێکی جیهانییە کە خاڵی دەسپێکی ئەو شۆڕشە هەمان (هاتنە ئارا) و پەرەسەندنی دەوڵەتی گەورەیە[22].

---

[22] Big-State

هەربۆیەش بزووتنەوەی سۆشیالیستیی نوێ کە منالّی حەلاّلزادەی گەشەکردنی سەرمایەدارییە، خاوەنی هەمان تایبەتمەندیی ناوەندگەریّتیی زەقی کۆمەڵگای بوورژوازی و دەوڵەتە. لە ئەنجامدا لە هەموو ولاّتەکاندا سۆشیال دیموکراسی بەئاشکرایی دژی تایبەتگەریّتی و فیدراڵیزمە. لە ئەڵمانیادا تایبەتگەریّتی باڤاریایەکان و پرووسیەکان کە خوازیاری جیاوازی سیاسیی باڤاریا و پرووسیا و سەربەخۆیی ئەوان لە یەک دوو بواردا لە ڕایش بوون، هەمیشە نوێنەری کۆنەپەرستیی پایەبەرزان و وردەبوورژوازی بوون. سۆشیال دێمۆکراسیی ئەڵمانیا بە هەموو هێزی خۆی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هەولاّنەی ـ بۆ نموونە ـ تایبەتگەرە ئەڵمانیاییەکانی باشوور دەکا کە دەیانەوێ سیاسەتی ڕێگەئاسنی جیاواز لە باڤاریا، بادێن و فورتێمبێرگ دەستەبەر بکەن و بیپارێزن؛ هەروەها بە هەموو هێزی خۆی لەگەڵ تایبەگەریّتیی پارێزگا داگیرکراوەکانی ئاڵساس و لۆرێن بەرەبەرکانی دەکا کە لەوێشدا وردەبوورژوازی هەوڵ دەدا بە ناسیۆناڵیزمی فەڕەنسیی خۆیەوە، خۆی لە هاوڕێیەتی سیاسی و دەروونی هەموو ڕایشی ئەڵمانیا جیا بکاتەوە. سۆشیال دیموکراسی لە ئەڵمانیا هەروەها دوژمنی سەرسەختی پاشماوەکانی پێوەندیی فیدراڵی نێوان هەرێمە دەوڵەتییە ئەڵمانیاییەکانی ناو ڕایشن کە هێشتاش هەر پارێزراون و ماون. ڕەوتی گشتیی گەشەکردنی سەرمایەداری نەک هەر لایەنگری یەکێتیی سیاسیی پارێزگا جیاجیاکانی ناو هەموو ولاّت لەگەڵ دەوڵەتە بەڵکوو دەیەوێ فیدراسیۆنە دەوڵەتییەکان لەناو بچن و ئەو پێکهاتە دەوڵەتیيانەی واپێوەندییەکی لاوازیان هەیە ببنە دەوڵەتی یەکپارچەی یەکدەست و لە هەر جێیەکیش ئەو بەرنامەیە جێبەجێ نەبوو تەواو لێک جیا ببنەوە.

مێژووی نوێی کۆن سویس، یەکێتی ئەمەریکا، ڕایشی ئەڵمانیا و یەکێتی نەمسا-هەنگاریا، هەموو نوێنەری ئەو بابەتەن وا باس کرا.

III

یەکەم یاسای دەستووری ناوەندگەریّتیی کۆماری یەکگرتووی سویس کە لە لایەن شۆڕشی گەورەوە داهێنرا، بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێکی بمێنێ لە سەردەمی گەڕانەوە[23] و کۆنەپەرستیدا[24] لەناو چوو (ئەو دەستوورە) لە ولاّتی سویسدا بە پشتیوانی **یەکگرتوویی پیرۆز**[25] سەرکەوت کە هەڵبەت دەسبەجێ گەڕاوە بۆ دۆخی سەربەخۆیی کانتۆنەکان، تایبتگەریّتی و کۆنفیدراسیۆنێکی لاواز. لە بواری ناوخۆوە، ئەو کارە، بەڕێوەبردنی ئایدیالی یەکگرتوویی خۆبەخشانەی گرووپە سەربەخۆکان و یەکینە دەوڵەتییەکان بوو، لە ڕۆحیەتی

---

[23] The restoration گەڕانەوە یان دامەزراندنەوەی سیستەمی پاشایەتی

[24] Reaction

[25] The Holy Alliance

ئەنارکیستی و خولیاکانی تری «فیدراسیۆن»دا کە بریتی بوو لە پەسندکردنی دەستوورێکی ئاریستۆکڕاتی (کە بەشی هەرە زۆری جەماوەرە کرێکارەکانی دەردەهاویشت) و دەسەڵاتداری دەدا بە پیاوانی ئایینیی کاتۆلیک.

ڕەوتێکی تازەی تریش کە دژی بەدیمۆکڕاتکردن و ناوەندیکردنی سویس بوو لە سەردەمی جۆش و خرۆشی شۆڕشدا، واتە لە نێوان شۆڕشەکانی مانگی جوولای ١٨٣٠ و مانگی مارچی ١٨٤٨، لە دایک بوو کە لە سویسدا بە شێوەی لایەنگری لە بەدیهێنانی یەکێتیی دەوڵەتی یەکگرتوو بە جێی فیدراسیۆن و لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسیی بنەماڵە گەورەکان و پیاوانی ئایینیی کاتولیک، خۆی پیشان دا. لێرەدا سەرەتا ناوەندگەرێتی و دیمۆکراسی دەست لە ناو دەستی یەک دەڕۆیشتن و دژی کۆنەپەرستییەک ڕاوەستان کە لە ژێر دروشمی فیدراسیۆن و تایبەتگەرێتی خەریکی شەڕ و خەبات بوو.

یەکەم دەستووری کۆن هەنووکەی سویسی ساڵی ١٨٤٨، دوای شەڕێکی قورس لەگەڵ دەستەیەک بەناوی سۆندێرباند Sonderbund هاتە ئاراوە کە بریتی بوو لە فیدراسیۆنێکی پێکهاتوو لە حەوت کانتۆنی کاتۆلیک کە لە ساڵی ١٨٤٧دا سەرهەڵدانێکیان دژی کۆن گشتی بەڕێوە برد؛ مەبستی ئەو سەرهەڵدانەش پاراستنی سەربەخۆیی کانتۆنەکان و سیستەمی ئاریستۆکڕاتیی ئەو و دەسەڵاتداری پیاوانی ئایینی بوو. ئەگەر چی یاغییەکان بە شانازییەوە ئاڵای «ئازادی و سەربەخۆیی» کانتۆنەکانیان دژی «زۆرداری و سەرەڕۆیی» کۆنفیدراسیۆن دەشەکاندەوە، بەتایبەت «ئازادیی ویژدان» دژی دەمارگرژیی پرۆتێستان (وا دیارە هۆکاری شەڕەکە داخرانی پەرستشگاکان بوو لە لایەن پارتە دیمۆکڕاتیکە ڕادیکاڵەکانەوە)، کاتێک کۆنفیدراسیۆن بە توندوتیژیی بێبەزەییانەی هێزی نیزامی، لایەنگرانی فیدراڵیزمی ناچار کرد بە چۆک دەبێن و ملکەچی دەسەڵاتی کۆنفیدراسیۆن بن، ئەورووپای دیمۆکڕاتیک و شۆڕشگێڕ کە ئەو بابەتە فریوی نەدابوو، لە دڵەوە جێی شانازی و پەسندکران بوو و چەپڵەی بۆ لێدرا. کاتێک فرایلیگرات[26] شایەری **ڕۆژنامەی ڕایشی نوێ**[27] بەشانازییەوە سەرکەوتنی نێزەلەدەستانی ناوەندگەرێتیی سویسی وەک تەیری خۆشخەبەری شۆڕشی مانگی مارچ جێژن گرت ـ*"لەگردەکان یەکەم تەقە کرا، لەگردەکان دژی قەشەکان"* ـ ، هەمان حکوومەتی زۆرداری ئەڵمانیا بوو کە، وەک کۆڵەکەی کۆنەپەرستیی مێتێرنیخ، ئامانج و ئاواتی فیدراڵیستەکان و لایەنگرانی سەربەخۆیی لەمێژینی کانتۆنەکانی درێژە پێدا. پەرەسەندنی دواتری سویس هەتاکوو ئێستا لە لایەن ناوەندیگەرێتیی پێشڕەو و پێداگرانەی سیاسیی و یاساییەوە لە ژێر کاریگەریی گەشەکردنی پیشەسازیی گەورە، بازرگانی نێونەتەوەیی، ڕێگەئاسنەکان و نیزامیگەرێتیی ئەورووپییەوە بووە. تا ئێستا دووەمین یاسای دەستووری ساڵی ١٨٧٤ لە هەڵسەنگاندن لە بەرامبەر دەستووری ١٨٤٨دا، تایبەتمەندییەکانی یاسادانەریی

[26] Freiligrath
[27] Neue Rheinische Zeitung

ناوەندی، دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و بە تایبەت دادوەریی ناوەندیی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێش بردووە. چونکە سەرتاسەری دەستوورەکە لە ساڵی ١٨٧٤ دا پێداچوونەوەی بەسەردا کرا، ناوەندگەرێتی، بە زێدەکردن (و ڕەچاوکردنی) تەنانەت وتارە تاکەکەسییەکانیش، بەردوەدام پەرەی گرت و بەو کارەکارامەیی و توانای دامەزراوە ناوەندییەکانی کۆنفیدراسیۆن زیاتر کرا. هاوکات لەگەڵ ئەوەی ژیانی سیاسیی کردەیی سویس کە خەریکی گەشەکردنە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی سەرمایەداریی نوێ، پتر لە جاران لەسەر دامەزراوە فیدراڵەکان ورد بووەتەوە، ژیانی سەربەخۆی کانتۆن لەکەمی دەدا و جارلەگەڵجار زیاتر بێکەڵک دەبێ. بابەتەکە تەنانەت لەوەش زیاتر چووەتە پێش. کاتێک ئۆرگانە فیدراڵەکانی یاسادانەری و حکوومەتی یەکدەست، کە لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن (واتە ئەوانەی وا پێی دەڵێن Nazionzlrat و Bundesrat) ، ڕێز و هێزێکی زۆر زیاتر بۆخۆیان دادەنێن و دەبینن، ئۆرگانی نوێنەرایەتیی فیدراڵ یان هەمان کانتۆنەکان (کە پێی دەڵێن Standerat)، تەنیا لە بیری مانەوەدایە و هەر ڕواڵەتی بێناوەرۆکی دەمێنێتەوە و بە پەرەسەندنی ژیان ناچار دەبێ وردەوردە بفەوتێ. هاوکات ئەو ڕەوتی ناوەندیکردنە بە ڕەوتێکی هاوئاراستەی تر تەواو دەکرێ کە بریتییە لە یەکپارچەکردنی یاسای دەستوورەکانی ئەو کانتۆنانە و بۆ ئەو کارە دەبێ بەردەوام لە لایەن یاسادانەرانی خودی کانتۆنەکانی پێوەندیدارەوە پێداچوونەوەی لەسەر بکرێ و لە ناو خۆیاندا لاسایی یەکتر بکەنەوە، لە یەکتر فێر بن و (یاسا و ڕێ و شوێن) لێک وەرگرن. لە ئەنجامی ئەو کارەدا شێوەی پێشووی تایبەتگەرێتیی کانتۆنی زۆر زوو لە ناو دەچێ. تا ئێستا سەرەکیترین پشتیوانی ئەو جیابوونەوەی سیاسی و سەربەخۆیی کانتۆنەکان، یاسای شاروومەندی و سزادانی خۆیان بووە کە پارێزەری هەموو ڕەنگاوڕەنگیی سەرچاوەی مێژوویی، نەریت و تایبەتگەرێتیی کانتۆنەکانە. هەنووکە تەنانەت ئەو قەڵا تۆکمەیەی پشتیوانی سەربەخۆیی کانتۆنەکان بوو لە ژێر گوشاری گەشەکردنی سەرمایەداری ـ واتە پیشەسازی، بازرگانی، ڕێگەئاسن و تێلێگراف، پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ـ ناچار بە تەسلیم بووە کە وەک لافاو هاتووە و هەموو هەلومەرجە یاساییەکانی کانتۆنەکانی لەگەڵ خۆی ڕاماڵیوە. لە ئەنجامدا پرۆژەی یەک یاسای هاوبەشی شاروومەندی و سزایی وردەوردە لە هەموو کانتۆنەکاندا ڕێک خرا و جێبەجێ کرا. ئەو ڕەوتە هاوئاراستانەی ناوەندیکردن و ستانداردکردنە کە لە سەر و خوار دەستی پێ کرد و بەشێوەی دوولایەنە یەکتریان تەواو دەکرد، تاڕادەیەک لە هەموو هەنگاوەکاندا تووشی دژایەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کەسانە بۆوە کە زۆرتر دواکەوتوو و لە وردەبورژواکانی کانتۆنە فەڕەنسی و ئیتالییەکان بوون. بەربەرەکانیی دژەناوەندگەرێتییەکان و فیدراڵیستەکان، دەربارەی سویسیە بەڕەگەز فەڕەنسییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو و گرینگ تەنانەت ڕەنگ و ڕواڵەتی خەباتی نەتەوایەتیش بە خۆ دەگرێ: پەرەگرتنی هێزی کۆنفیدراسیۆن بە قیمەتی لەناوچوونی تایبەتگەرێتیی کانتۆنەکان، بەرامبەرە لەگەڵ زیاتربوونی گرینگیی و کێشی توخم و بنچینەی ئەڵمانیایی و بەو شێوەیە فەڕەنسیە سویسییەکان بە

ئاشکرایی بەربەرەکانییان لەگەڵ کرد. دۆخێکی گرینگی تریش لە ئارادا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەر ئەو کانتۆنە فەڕەنسییانەی بە ناوی فیدراسیۆن و سەربەخۆییەوە لەگەڵ ناوەندگەرێتیی دەوڵەت بەربەرەکانییان دەکرد لە ناوخۆیاندا خۆبەڕێوەبردنی کۆمۆنییان کەمترین گەشەی کردبوو، لە حاڵێکدا دیمۆکراتیکترین دامەزراوە خۆبەڕێوەبەرەکان ـ واتە حکوومەتی ڕاستەقینەی خەڵک ـ لەو کۆمۆنی کانتۆنە ئەڵمانیاییەکاندا باو بوو و هەر ئەوانیش لایەنگری ناوەندگەرێتی لە کۆنفیدراسیۆندا بوون. بەو شێوەیە، لە هەردووکیاندا، چ خوارووترین دامەزراوە دەوڵەتییەکانیان هەبێت و چ سەرووترین، لە هەردووکیاندا لە ئاخرین ئەنجامەکانی گەشەکردنی سویسی ئەمڕۆیی و هەم لە خاڵی دەسپێکیشیدا، ناوەنگەرێتی هاوڕێ لەگەڵ دیمۆکراسی و پێشکەوت دەچێتە بەرەوە، بەڵام فیدراڵیزم و تایبەتگەرێتی لەگەڵ کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی پێوەندیی هەیە.

ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی تریش لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دووپات بووەتەوە.

یەکەم بنچینەی یەکێتیی کۆلۆنییە ئینگلیرییەکانی ئەمەریکای باکووریش بە شۆڕش بینا کرا، لە حاڵێکدا ئەو کۆلۆنییانە تا ئەو کاتەی سەربەخۆ بوون، تا ڕادەیەکی زۆر لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لێک جیاواز بوون و لە زۆر بواردا بەرژەوەندیی جۆراوجۆر و جیاوازیان بوو. شۆڕش لایەنگر و داهێنەری ڕەوتی ناوەندیکردنی سیاسی بوو کە تەنانەت تا ئێستاش هەرگیز ڕانەوەستاوە. لێرەشدا وەک سویس، سەرەتاکە ـ واتە پێنەگەیشتووترین شێوەی گەشەکردن ـ هەمان « خۆبەخشانە» بوو کە ئەگەر بە وتەی لایەنگرانی بەئاگا و نائاگای بیرۆکەکانی ئەنارکیستی بێ، لەسەر لوتکەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی نوێ وەک تاجی سەری دیمۆکراسی ڕادەوەستێ.

لە یەکەم یاسای دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کە لە ماوەی ساڵانی ۱۷۷۷ تا ۱۷۸۱دا نووسرا، «ئازادی و سەربەخۆیی چەندین کۆلۆنی و مافی تەواوی ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»، بەتەواوی سەرکەوت و چەسپێنرا. یەکێتییەکە تا ئەو ڕادەیە لاواز و خۆبەخشانە بوو کە لە کردەوەدا خاوەنی هیچ بەڕێوەبەرێکی ناوەندی نەبوو و لە دەوری سەرەتای دامەزرانی خۆیدا، ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی براکوژی لەسەر گومرک لە نێوان ئەندامانی «ئازاد و یەکسان»دا پێش هێنا کە بریتی بوون لە نیۆیۆرک، نیو جێرزی، ڤیرجینیا و مێریلەند؛ لەو کاتەشدا لە ماساچووسێت بە هۆی «سەربەخۆیی» و «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ی تەواو، شەڕی ناوشار ڕووی دا کە هەمان سەرهەڵدانی وەرزێڕە قەرزدارەکان بوو؛ ئەو دۆخە لە بوورژوازیی دەوڵەمەندی دەوڵەتەکاندا ئارەزووی دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێزی ژیاندەوە و ورووژاندی. ئەو بوورژوازییە بە بەکارهێنانی زۆر بیری خستنەوە کە لە کۆمەڵگای بوورژوازیدا جوانترین «سەربەخۆیی

نەتەوەیی» تەنیا کاتێک بنچینە و «بایەخی» ڕاستەقینەی دەبێ کە لە خزمەتی بەکارهێنانی سەربەخۆی بەرهەمەکانی «ڕێکوپێکیی ناوخۆ»دا بێت، واتە دەسەڵاتداری ڕەهای موڵکی تایبەتی تاکەکەسی و چەوساندنەوە لە ئارادا بێت.

یاسای دەستووری ساڵی ١٧٨٧، بە جێی فیدراسیۆن، دەوڵەتێکی یەکگرتووی بە دەسەڵاتی یاسادانەریی ناوەندی و (دەسەڵاتی) بەڕێوەبەری ناوەندی بەدی هێنا. بەڵام ناوەندگەرێتی بۆ ماوەیەکی زۆر ناچار بوو لەگەڵ حەزی جیاییخوازانەی ویلایەتە(- خۆجێیی)خوازەکان ڕووبەڕوو ببێتەوە کە لە ئاکامدا بە شێوەی (شەڕ و) سەرهەڵدانی ئاشکرای ویلایەتە باشوورییەکان خۆی خستە ڕوو کە بە شەڕی جیاییخوازانەی ساڵی ١٨٦١ ناوی دەرکردووە.[28] لێرەشدا دووپاتبوونەوەی بەرچاوی دۆخی ١٨٤٧ی سویس دێتەوە بەر چاومان. ویلایەتە باکوورییەکان وەک لایەنگری ناوەندگەرێتی، نوێنەری گەشەکردنی سەرمایەداریی گەورەی نوێ، پیشەسازیی ماشێنی، ئازادیی تاکەکەسی و یەکسانی لە هەمبەر یاسادا، بەرهەمە ڕاستەقینەکانی سیستەمی کاری کرێگرتە، دیمۆکراسیی بوورژوایی و پێشکەوتی بوورژوایی بوو. لە لایەکی ترەوە ئاڵای جیاییخوازی، فیدراسیۆن و تایبەتگەرێتی، واتە ئاڵای «سەربەخۆیی» و «مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» بۆ هەر ئاوەدانییەک، لە لایەن وەرزێڕەکانی باشوورەوە هەڵدەکرا کە نوێنەری چەوساندنەوەی سەرەتایی کارکێشان لەکۆیلەکان بوون. ناوەندگەرێتی لە سویسیش هەر وەک ئەمەریکا، بە بەکارهێنانی هێزی نیزامی و زۆری فیزیکی، دژی بزووتنەوە جیاییخوازانەییەکانی فیدراڵیزم بەربەرەکانی دەکرد و هەموو ئەندامە دیمۆکراتیک و پێشکەوتووەکانی ئەورووپاش، یەکدەنگ پشتیوانییان لەو کارە دەکرد. دەزانین کە دوایین پاشماوە بەرچاوەکانی کۆیلایەتی لەکۆمەڵگای نوێدا لە ژێر ئاڵای تایبەتگەرێتی هەوڵی دەدا خۆی بپارێزێ و بمێنێتەوە - کۆنەپەرستی هەمیشە هەر وایە - و لەناوچوونی کۆیلایەتیش سەرکەوتنی سەرمایەداریی ناوەندیگەرای بەدوادا دەهات. دوای شەڕی سەرکەوتوانە دژی جیاییخوازەکان، دەستووری یەکێتیی ئەمەریکا لە ژێر چاوەدێریی ناوەندگەرێتی پێداچوونەوەیەکی تازەی بە خۆوە دیت؛ لەوە بۆولاوە ئەوەی مابۆوە و لە لایەن گەشەکردنی ئیمپێریالیستیی زلهێزی سەرمایەداریی گەورەوە دەستەبەر کرابوو بریتی بوو لە: ڕێگەئاسنەکان، بازرگانی جیهانی، تراستەکان[29] و لەو دوایانەشدا پاراستنی مافی گومرک، شەڕە ئیمپێریالیستییەکان، سیستەمی کۆلۆنیکردن و ئەنجام و بەرهەمی وەک دووبارە ڕێکخستنەوەی نیزامی، ماڵیاتی و شتی تر. هەنووکە بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی کە بە دەست سەرۆککۆماری یەکێتییەوەیە هێزێکی زۆر بەربڵاوتری هەیە و ئیدارەکردن و دادوەریش زۆر ناوەندیترە لە زۆربەی پاشایەتییەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا زیاترە. لە حاڵێکدا لە سویس، پەرەسەندنی پلەبەپلەی کارکردە ناوەندییەکان بە خەرجی لەناوچوونی

[28] War Of Succession
[29] Trusts جۆرێک پەیماننامەی نێوان ئەو کۆمپانیایانەیە کە یەک بەرهەم دروست دەکەن.وەرگێڕ

فیدراڵیزم لە ڕێگەی چاکسازیی دەستوورەوە ڕوو دەدات، لە ئەمەریکا ئەو ڕەوتە بە شێوەیەکی جیاوازی تر ڕوو دەدات؛ بۆ ئەو کارە دەستوور ناگۆڕدرێ، بەڵکوو لە ڕێی شیکاریی لیبێڕالی دەستوور لە لایەن دەسەڵاتدارانی دادوەرییەوە دەکرێ.

مێژووی نەمسای نوێ هێمای ململانێی بێپسانەوەی نێوان ڕەوتی ناوەندگەرێتی و فیدراڵیستییە. خاڵی دەسپێکی ئەو مێژووە، واتە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨، نیشان دەدا ڕۆڵەکان بەو شێوەیە دابەش کراون: لیبێڕالەکان و دیمۆکراتەکانی ئەڵمانیایی و دواتر ڕێبەرەکانی شۆڕش، لایەنگری ناوەندگەرێتی بوون بەڵام دوژمنایەتیی بەرامبەری ئەو ڕەوتە لە ژێر ئاڵای فیدراڵیزمدا لە لایەن پارتە دژەشۆڕشگێڕییەکانی سلاڤەوە نوێنەرایەتی دەکرا کە بریتی بوون لە: ئەنجومەنەکانی چێکی، مۆراڤیایی و دالماتیایی؛ پان شلاڤییەکان و لایەنگرانی باکونین کە هەمان پێغەمبەر و وتەی نەستەقبێژی «خۆبەڕێوەبەریی ئەنارکیستیی خەڵکی ئازاد» بوو. مارکس سیاسەت و ڕۆڵی فیدراڵیستە چێکییەکانی لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ دا، ئاوا لێک داوەتەوە:

چێکییەکان و پان سلاڤییەکان ـ جاری وابوو ئاگادارانە و جاری واش بوو بێئاگایانە ـ ڕێک لە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئاشکرای ڕووسیا هەوڵیان دەدا. ئەوان تەنیا بۆ سێبەرێکی (پووچی) نەتەوەگەری ـ کە لە باشترین حاڵەتدا چارەنووسی پۆڵەندییەکانی لە خۆ دەگرت ـ خەیانەتیان بە ئامانجی شۆڕش کرد. چێکییەکان، مۆراڤییەکان، دالماتییەکان و بەشێک لە نوێنەرانی پۆڵەندی (ئاریستۆکراتەکان) شەڕێکی سیستەماتیکیان دژی بنچینەی ئەڵمانیایی دەست پێ کرد. ئەڵمانیاییەکان و بەشێک لە پۆڵەندییەکان (گەورەزادە لێکەوتووەکان) سەرەکیترین پشتیوانانی پێشکەوتی شۆڕش بوون؛ جەماوەری نوێنەری سلاڤییەکان لە شەڕ دژی ئەواندا نەیاندەویست حەزی کۆنەپەرستانەی هەموو بزووتنەوەکەی خۆیان ئاوا بنوێنن، بەڵکوو تەنانەت بە فێڵبازی و کەڵەکبازیی هاودەستانە لەگەڵ هەمان دەوڵەتی نەمسا ـ کە کۆنگرەی پڕاگی[30] ئەوانی لێک هەڵوەشاندبوو ـ خۆیان سووک و ڕیسوا کرد. ئەوان بۆو کارە قیزەونانەیە خەڵاتێکی (بخوێنەوە سزایەکی) شیاویان وەرگرت. ئەوان لە سەرهەڵدانی ئۆکتۆبەردا پشتیوانییان لە حکوومەت کرد کە لە ئەنجامدا زۆرینەی سلاڤەکانی دڵنیا کرد. ئەو ئەنجومەنە تاڕادەیەک یەکسەر سلاڤییەی ئێستا، بە هێرشی سەربازیی نەمسا ڕێک وەک کۆنگرەکەی پڕاگ لێک بڵاو کرا و پانسلاڤەکان هەڕەشەیان لێ کرا کە ئەگەر دەنگ هەڵبڕن زیندانی دەکرێن. تەنیا دەسکەوتەکەیان ئەوە بوو: نەتەوەی سلاڤ ئێستا لە هەموو جێیەک لە لایەن ناوەندگەرێتیی نەمساوە لە ژێر هەڕەشەدا بوو.

---

[30] Prague Congress

مارکس لە ساڵی ١٨٥٢ لەگەرمەی بووژانەوەی دەسەڵاتداریی زۆرداریگەر[31] دوای دوایین ڕووخانی شۆڕش و یەکەم دەسپێکی دەستوورباوەڕی[32] دەنووسێ: "ئەنجامی ئەو کارەیان بە هۆی کەللەڕەقی[33] و نەفامیی خۆیانە".

یەکەم هاتنەڕووی فیدراڵیزم لە مێژووی نوێی نەمسادا بەو شێوەیە بوو.

لە هیچ وڵاتێکدا ناوەرۆکی مێژوویی‌ـکۆمەڵایەتیی بەرنامەی فیدراڵیستی و تێکڕووخانی خەون و خەیاڵەکانی ئەنارکیستی لە بابەت تایبەتمەندیی دیمۆکڕاتیک یان تەنانەت شۆڕشگێڕیی ئەو دروشمە لە چاخەکانی دواتریشدا بەقەت نەمسا ئاوا زەق و بەرچاو و سیمبولیک نییە. لێرەدا پێشکەوتی ناوەندگەرێتیی سیاسی دەکرێ ڕاستەوخۆ بە بەرنامەی مافی دەنگدان بۆ پەڕلەمانی ڤییەنا هەڵسەنگێندرێ، کە بە تێپەڕبوون لە چوار قۆناغی بەدیمۆکراتبوونی پلەبەپلە خەریک بوو دەبوو بەگرێدەرێکی بنەڕەتی کە چوارچێوەی دەوڵەتی پاشایەتیی هاپسبورگی پێکەوە گرێ دەدا. دەستوورنامەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦٠ [34]کە دەسپێکی دووەمین سەردەمی دەستووری نەمسا بوو لە ڕۆحی فیدراڵیزمدا ئۆرگانێکی لاوازی یاسادانەریی ناوەندی بەدی هێنابوو و مافی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی ئەو ئۆرگانەی بە جێی خەڵک نەدابوو، بەڵکوو لە هەر هەرێمێکی پاشایەتی ئەو مافەی بە ئەنجومەنەکانی پێوەندیداری خۆی (ئی سەر بە پاشا) دابوو. بەڵام تا ساڵی ١٨٧٣ سەلمێنرابوو کە چارەیەک نییە و دەبێ دژبەرە فیدراڵیستە سڵاڤەکان، تێکشکێندرێن تا بە جێی ئەوەی مافی دەنگدان بە ئەنجومەنەکان بدرێت، (ئەو مافە) بدرێتەوە خودی خەڵک، واتە پەڕلەمانی ناوەندی [Reichsart] ـ هەرچەند ئەو سیستەمی هەڵبژاردنە سیستەمێکی چینایەتیی نایەکسانی ناڕاستەوخۆش بوو. هەر بەو جۆرەش خەباتی نەتەوایەتی و بەربەرەکانیی دژەناوەندگەرێتیی چێکییەکان کە هەڕەشەی لە خودی بوون و یەکپارچەیی پاشایەتیی هاپسبورگ دەکرد، لە ساڵی ١٨٩٦ ناچار کرا لە ڕێی زێدەکردنی ئەنجومەنێکی [35]پێنجوم (ئەوەی وا ئەنجومەنی هەڵبژاردنی گشتییان پێ دەگوت)، مافی دەنگدانی گشتی بە جێی مافی دەنگدانی چینایەتی دانێ. لەو دوایانەدا لە نەمسا شاهیدی دوایین پێداچوونەوەی چاکسازیی یاسای دەنگدان بووین، واتە چوون بەرەو مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان لە ڕێی یەکپارچەکردنی دەوڵەت و تێکشکاندنی حەزی ناوەندڕەوێنیی فیدراڵیستە سڵاڤەکانەوە. تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەوبابەتە ڕۆڵی گالیسیایە. تا ئێستا لە یەکەم کۆبوونەوەی پەڕلەمانی ڤییەنا و ئەنجومەنی گالیسیاوە

---

[31] Absolutist Rule
[32] Constitutionalism
[33] Fanaticism
[34] The October Patent of 1860
[35] Fifth Curia

لە ساڵی ١٨٦١دا، نەجیبزادەکانی گالیسیایی وەک توندڕەوترین دژبەرانی کابینەی لیبێڕالی شمێرلینگ[36] هاتنە بەرەوە و بە توندوتیژیی هەرچی زۆرتر بە ناوی «خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەیی» و مافی نەتەوەکان بۆ «دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» ـ واتە بە ناوی مافی سەربەخۆی ئەنجومەنی پارێزگاییەوە ـ، ڕووبەڕووی چاکسازیی لیبێڕال بوونەوە.

بەزوویی لە بەرنامەی ستانژیکدا بە ناوی پارتی کراکاو،[37] کە هەمان پارتی کەسانێکی وەک تارنۆفسکی[38]، پۆپییێل[39]، ووژیچکی[40] و کۆزمیان[41] بوو، ئەو سیاسەتە داڕێژرا و لە «بڕیارنامە»ی بەناوبانگی «ئەنجومەنی گالیسیا[42]ی ٢٨ی سێپتەمبەری ساڵی ١٨٦٨دا ڕەنگی داوە کە بە جۆرێک هەمان مەگنا کارتای Magna Carta[43] «جیابوونەوەی گالیسیا[44]»یە. بڕیارنامەکە خوازیاری پەرەپێدانی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگایی بوو تا ڕادەیەک کە تەنیا سێ بابەتی گرینگ کە بەتەواوی پێوەندیان بە پاشایەتییەوە بوو بۆ پەڕلەمانی ناوەندی ماوە؛ یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی بەتەواوی لابرد، دووەم، وەک مافێکی قۆرغکراو دای بە دەسەڵاتدارانی موڵکی پاشایەتی و دوای ئەوانەش جیاکردنەوەی دادوەریی موڵکی پاشایەتی. لێرەدا پێوەندیی دەوڵەتیی نێوان گالیسیا و نەمسا کەم کراوە. (ئەو پێوەندییە) وا بوو بە سێبەرێکی مات کە ئەو خۆشخەیاڵانەی وا هێشتا لە نەرمی و ڕەنگگۆڕینی ناسیۆناڵیزمی پۆڵەندی تێنەدەگەیشتن، پێیان وابوو دەکرێ لەو بەرنامە ئایدیالەی فیدراڵیزمدا، «تا ڕادەیەک» سەربەخۆیی نەتەوەیی یان لانیکەم هەوڵێکی چڕوپڕ بەرەو ئەو شتە ببینن. بەڵام بۆ ئەوەی پێش بەو خەیاڵاتە پووچە بگیرێ پارتی ستانژیک باوەڕنامەی سیاسیی[45] خۆی ڕاگەیاند و کارگێڕیی گشتیی خۆی لە نەمسادا دەس پێ کرد؛ هەڵبەت نەک بەو بەرنامەیەی سەرەوەی فیدراڵیزم، بەڵکوو بە پێی ڕێنوێنییەکانی بەناوبانگی ئەنجومەنی ١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٨٦٦، کە لەودا فۆرمۆلی کلاسیکی خۆی بەو شێوەیە ڕاگەیاندبوو: "بە بێ ترسی دوورکەوتنەوە لە بیرۆکەی نەتەوەیی و بە ئیمان بە کارگێڕیی نەمسا لە قووڵایی دڵمانەوە ڕایدەگەیێنین کە ڕاوەستاوین و ئاواتمان هەر ڕاوەستانە لە پێناوی **ئێوەی خاوەن شکۆدا**[46]". ئەوە تەنیا کورتە باسێکی شاعیرانە بوو لە فۆرمۆلەکردنی شەڕی پیرۆزی خوێنڕێژانە کە پارتی نەجیبزادەکانی هاوێری **پێداچوونەوەی پۆڵەندا** Polish

[36] The Liberal Cabinet of Schmerling
[37] Cracow Party
[38] Tarnowski
[39] Popiel
[40] Wodzicki
[41] Kozmian
[42] Galician Diet
[43] مەگنا کارتا یاسادەستووری ئینگلترا بوو کە لە ساڵی 1215دا بە شێوەی فەرمی پەسند کرا. پاتشای ئەوکاتی ئەو وڵاتەی ناچار دەکرد دان بە هەندێک مافی تایبەت بۆ خەڵکانی ئازادی وڵاتەکەی دابنێ و پێمل بێ بەوەی کە یاسا هەندێک لە دەسەڵاتەکەی سنووردار و کام بکاتەوە. وەرگێڕ
[44] Seoeration of Galicia
[45] Political Credo
[46] Your Majesty

Review ـ دوای ڕاپەڕینی مانگی ژانوییەر ـ دژی سەرهەڵدان و یاغییەکان، هەڵی گیرساند؛ ئەوانە وا خەریکی «پیلانگێڕی»، «خەیاڵات»، «هەوڵی خراپەکاری»، «کارتێکەریی دەرەکیی شۆڕشگێڕی»، «زێدەڕۆیی لە ئەنارکیی کۆمەڵایەتی»و شتی وا بوون و بە دوژمنایەتییەکی ڕەشبینانەوە، دوایین دەورانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێمەیان بە دروشمی «کاری ئۆرگانیک» و چاوپۆشیی گشتی لە هەر جۆرە یەکپارچەییەکی پۆڵەندی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا، لە ناو دەبرد. فیدراڵیزم و جیاییخوازی سیاسی، لە واقیعدا درکاندنی ئاواتە نەتەوەییەکان نەبوون بەڵکوو زیاتر تەنیا ڕەتکردنەوەی ئەو ئاواتانە و ڕاگەیاندنی گشتیان بوو. تەواوکەری ڕێککەوتووی تری بەرنامەی ستانژیک (بخوێنەوە: جیاییخوازی)، دژایەتی کردن لەگەڵ ـ و پێشگرتن بە ـ فیدراڵیستە چێکی و مۆڕاڤییەکان و پارتی کۆنەپەرستی ئایینی ئەڵمانیایی بوو لە هەمبەر هەر جۆرە چاکسازییەکی لیبێڕال لە نەمسادا: دژی یاسای کۆمۆنیی لیبێڕال، دژی یاسای لیبێڕالی قوتابخانە سەرەتاییەکان، دژی خستنەڕووی یاسای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە بۆ پەڕلەمانی ناوەندی؛ لە لایەکی ترەوە لە هەموو پڕۆژە کۆنەپەرستییەکاندا پشتیوانی لە حکوومەت دەکرد، وەکوو پشتیوانی لە یاسا نیزامییەکان کە بە یاسای تافە[47] دەستی پێ کرد و هتد. ئەو پەرەسەندنە بە کۆنەپەرستیی لەڕادەبەدەر لە سیاسەتی پارێزگاییدا دووهێندە بۆوە کە بەرچاوترین ڕوونکەر و دیارخەری ئەو شتە، دژایەتیی قورس و قایمی ئەو لەگەڵ چاکسازیی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجومەنی پارێزگایی بوو.

لە کۆتاییدا سێومین پێکهاتەی فیدراڵیزمی گالیسیا سیاسەتی نەجیبزادەکانی پۆڵەندی لە هەمبەر ڕووتێنییەکان[48] بوو. لایەنگرانی ئەوەی کە، ڕێک وەک فیدراڵیستە فەڕەنسییەکانی سویس، دەڵێن دەبێ لە گالیسیاش (سیاسەتی) دژەناوەندگەرێتیی لە دەوڵەتی نەمسادا پەیڕەو بکرێ، بەڵام خۆیان لە هەمبەر جەماوەری ڕووتێنیی ناوخۆیاندا هەمان ناوەندگەرێتییەکی قورس و قایمیان گرتبووە بەر. هەر لەسەرتاوە نەجیبزادەکانی گالیسیا پێداگرانە لەگەڵ داخوازیی خۆبەڕێوەبەری بۆ ڕووتێنییەکان، دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، هەروەها یەکریزدانانی زمان و نووسینی ڕووتێنی وەک پۆڵەندی، بەربەرەکانییان دەکرد. زۆر زوو هەر لە ساڵی ١٨٧٣وە بەرنامەی «جیاکردنەوە» و فیدراڵیزم لە نەمسادا، کاتێک هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ پەڕلەمانی ناوەندی هێنرایە ئاراوە و لە دوای ئەوەوە پارتی ستانژیک، بە هۆی پەیڕەوکردنی پڕەنسیپی هەلخوازانەی خۆی، سیاسەتی پێشگرتن و پێملبوونی لە هەمبەر ناوەندگەرێتیی نەمسادا وەلا نا، شکستێکی کارتێکەری خوارد. بەڵام لەوەبۆولاوە فیدراڵیزمی گالیسیا، هەرکات کە چاکسازییە دێمۆکڕاتییە گرینگەکان لێک دەدرانەوە، هەرچەند نەک وەک بەرنامەی سیاسەتی

[47] Taaffe's Law
[48] Rhuthenians

واقعی، بەڵام وەک ئامرازێکی مەنیوڤێری پەڕلەمانی[49] دەهاتە ئاراوە. دوایین جار کە بەرنامەی «جیاکردنەوەی» گالیسیا بە شێوەی گشتی و ڕاشکاو باس کرا کاتی خەباتی نەجیبزادەکانی گالیسیایی دژی دوایین چاکسازیی هەڵبژاردن بوو کە دژایەتییان لەگەڵ مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان بۆ پەڕلەمانی ڤییەنا دەکرد. نوێنەرانی سۆشیال دیمۆکراسیی نەمسایی لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٠٦دا، بۆ ئەوەی پێداگرییەکی قورستریان لە سەر ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی بەرنامەی فیدراڵیستی کردبێ، یەکسەر دژی بزووتنەوەی جیاییخوازی گالیسیا دەنگیان دا. لە مێشکی ئەواندا، نوێنەرێکی سیاسەتی پرۆلیتاریای هەموو پاشایەتی، وەک نوێنەری پارتی کرێکارانی نەمسا، دژی جیابوونەوەی گالیسیا دەنگی دا و قسەی کرد: ئەو کەسە جەنابی ئیگناسی داژینسکی[50] بوو کە وەک ڕێبەری سێ بەشی PPS ی نیشتمانپەروەر، بەرنامەی سیاسییەکەی ئەوەیە کە جیابوونەوەی پاشایەتیی نەمسا لە پۆڵەندا لێک بداتەوە. سۆشیال دیمۆکراسیی نەمسا پشتیوانێکی چاوەڕوانکراو و بێئەملاوئەولای ناوەندگەرێتییە، لایەنگرێکی بەئاگای یەکپارچەیی دەوڵەت و وڵاتی نەمسا و دوای ئەوانەش دژبەرێکی بەئاگای هەر جۆرە حەزێکی جیاییخوازانەیە.

کائوتسکی دەڵێ: "داهاتووی دەوڵەتی نەمسا بە هێز و کارتێکەریی سۆشیال دیمۆکراسییەوە بەستراوەتەوە. دروست چونکە کە (پارتێکی) شۆڕشگێڕانەیە، لەو بارەیەدا و بەو مانایە، ئەو پارتە کۆڵەکەی دەوڵەتە؛ ڕەنگە سەیریش بێتە بەر چاو بەڵام دەکرێ قسەکانی نیو سەدە لەمەوبەری گریلپارزێر[51] کە بە قارەمانی کۆنەپەرتیی زەرد و سوور، واتە ژێنێڕال ڕادێتزکیی[52]، گوترابوو ئێستا بۆ سۆشیال دیمۆکراسیی شۆڕشگێڕی سووری بڵێیەوە: « (چوارچێوەی) نەمسا ناو خێوەتی ئێوەیە »". ئەو قسەیە ڕێک وەک باسی «جیابوونەوە»ی گالیسیایە و سۆشیال دیمۆکراسیی نەمسا بەرنامەی فیدراڵیستە چێکییەکان، واتە جیابوونەوەی بۆهێمییەکان، بە شێوەیەکی کاریگەر ڕەت دەکاتەوە. کائوتسکی دەنووسێ:

> پەرەسەندنی بیرۆکەی خۆبەڕێوەبەری بۆ بۆهێمیا، تەنیا ڕواڵەتێکی نیوەچڵە لە پەرەسەندنی گشتیی کۆنەپەرستی لە هەموو وڵاتە گەورەکانی 'کیشوەری ئەورووپا' دا. بەرنامەی «خۆبەڕێوەبەری»ش بۆهێمیا ناکاتە وڵاتێکی سەربەخۆ و دیسانیش هەر بەشێک لە نەمسا دەمێنێتەوە. پەڕلەمانی گشتی بەو شتە تێک ناچێ. گرینگرین کاروبارەکان (وەک کاروباری نیزامی، گومرک و هتد) لە دەسەڵاتی ئەودا دەمێنێتەوە. بەڵام جیابوونەوەی بۆهێمیا هێزی پەڕلەمانی ناوەندی دەشکێنێ کە ئەمڕۆکەش هەر زۆر لاوازە. ئەو کارە نەک سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی چەندین نەتەوایەتی، بەڵکوو سەبارەت بە

[49] Parliamentary maneuvers
[50] Ignacy Daszynski
[51] Grillparzer
[52] Radetzky

حکوومەتی ناوەندیش ـ واتە مۆدێل و چۆنیەتی نوێنەرایەتییەکانیش ـ (ئەو هێزە) تێک دەشکێنێ. [لێرەدا ئاماژە بە نوێنەرایەتییەکانی نەمسا و هەنگاریا دەکا کە لە لایەن پەڕلەمانی ڤییەنا و بوودا‌پێست هەڵبژێردرابوون و ئەرکیان ڕێکخستنی کارێک لە ژێر ناوی پێکهاتنی نامسا-هەنگاریا بوو، کە بریتی بوو لە پێوەندی و هاوبەشی دوولایەنەی هەر دوو وڵات بۆ خەرج و تێچووە هاوبەشەکانی دەوڵەت و چارەسەرکردنی ئەو کێشە تایبەتانەی وا کاریگەریان لەسەر هەر دوو وڵات هەبوو].

ئەنجومەنی دەوڵەت، کە هەمان پەڕلەمانی ناوەندیی نەمسا بوو، وەک بووکەڵەیەکی بێچارە و بێکارەی لێدەهات کە دەبوو سەر بۆ هەموو شتێک و کارێک داخا. بەم جۆرە هێزی حکوومەتی ناوەندی لە کاروباری نیزامی و گومرک و هەروەها سیاسەتی دەرەکیشدا، لە ڕادەبەدەر دەبێ. جیابوونەوەی بۆهێمیا ئاماژە بە بەهێزتربوونی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینیی گوندنشینی بوورژوازی لە ناوچەکانی ئالْپاین، نەجیبزادەکان لە گالیسیا و دەوڵەمەندانی سەرمایەداریی لە بۆهێمیا دەکات. تا کاتێک کە ئەو سێ چینە ناچار بن دەسەڵاتی خۆیان پێکەوە لە پەڕلەمانی ناوەندیدا بەکار بێنن ناتوانن هەموو هێزی خۆیان پەرە پێبدەن، چونکە بەرژەوەندییەکانیان یەک ناگرێتەوە؛ پێکەوەڕاگرتنیان کارێکی ئاسایی نییە. ئەگەر هەر کام لەو چینانە بتوانێ لەسەر بوارێکی تایبەتی پێناسەکراو وردبێتەوە، هێز و دەسەڵاتیان زیاتر پەرە دەگرێ. دەسەڵاتدارە ئایینییەکان لە ئینسبروک[53] و لینز[54]، نەجیبزادە گالیسیاییەکان لە کراکۆو[55] و لێمبێرگ[56] و تۆرییە بۆهێمیاییەکان[57] لە پراگ[58]، بە شێوەی (سەربەخۆ و) جیاواز، هێزێکی زۆر زیاتریان هەیە هەتا ئەوەی لە ڤییەنا بە یەکەوە بن. لێرەشدا ڕێک وەک ئەڵمانیا، کۆنەپەرستی هێزی خۆی لە تایبەتگەرێتی و لاوازبوونی پەڕلەمانی ناوەندییەوە وەردەگرێ و هەر وەک ئەوێ پشتیوانیکردنی مۆڕاڵ لە تایبەتگەرێتی بە مانای بەهێزترکردنی کۆنەپەرستییە. لێرەشدا هەر وەک ئەوێ دەبێ بە هەموو هێز و توانای خۆمان لە هەمبەر ڕەوتی هەنووکە، کە بەرەو لاوازکردنی پەڕلەمانی ناوەندییە، ڕاوەستین. [کائوتسکی بەو وتانە کۆتایی بە قسەکانی دێنێ:] ئێمە دەبێ لەگەڵ مافی دەوڵەتی بۆهێمیا[واتە بەرنامەی جیاکردنەوەی بۆهێمیا]، کە بەرهەمی کۆنەپەرستی و ئامرازی پشتیوانیکردن لەوە، بەربەرەکانی بکەین. ئێمە دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکەین چونکە ئەو کارەیان بە مانای لەتوکوتکردنی پرۆلیتاریای نەمسایە. ڕێگەی سەرمایەداری بەرەو سۆشیالیزم بە فیۆدالیزمدا تێناپەڕێ. بەرنامەی جیاکردنەوەی بۆهێمیا هەر ئەوەندە فری بەسەر سەربەخۆیی خەڵکەوەیە کە

[53] Innsbruck
[54] Linz
[55] Cracow
[56] Lemberg
[57] Bohemian Tories
[58] Prague

دژەجوولەکەبوون (واتە شەڕی یەکلایەنە دژی سەرمایەی جوو) فڕی بەسەر سۆشیال دێمۆکراسیبوونەوەیەتی.

ئێستاکەش لە هەر جێیەک پاشماوەکانی فیۆدالیزم لە ئەورووپادا پارێزراون، پشتیوانێکن بۆ (سیستەمی) پاشایەتی. لە ئەڵمانیادا، هاتنەڕووی بەرچاوی ئەو شتە، بریتییە لەو واقعییەتەیە کە یەکپارچەیی ڕایش(ی ئەڵمانیا) لەسەر بنەمای مافی دەنگدانی یەکسان بۆ پەڕلەمان دانراوە، لە حاڵێکدا هەموو دەوڵەتە خۆجێییە(مەبەست ویلایەتەکانە) ئەڵمانیاییەکان بە شێوەی تاک، دەستوورێکی دەوڵەتیی زۆر کۆنەپەرستانەتریان هەبوو، جا لە پڕووسیاوە (وەک بیسمارک دەڵێ) بە «زەبەلاحترین» یاسای هەڵبژاردن سێ چینایەتیی خۆیەوە بگرە تا مێکلێنبورگ[59] کە هێشتا بە گشتی دەوڵەتێکی چاخی ناوەڕاستە جا بە دەستووری تەواو چینایەتی خۆیەوە.

ئەگەر لەسەر ئەو بڕوایە بین کە گەشەکردن و دێمۆکڕاسی بە ناوەندگەرێتییەوە بەندە و کۆنەپەرستیش پێوەندی بە تایبەتگەرێتی و فیدراڵیزمەوەیە، خودی شاری هامبورگ لەو بابەتەدا تەنانەت نموونەیەکی بەرچاوتر و سەیرترە. شاری هامبورگ کە سێ ناوچەی سەر بە هەڵبژاردنی ڕایشی ئەڵمانیا پێک دێنێ لە پەڕلەماندا لە سەر بنەمای مافی گشتیی و جیهانیی دەنگدان، لە لایەن نوێنەرانی دێمۆکڕاتیکی کۆمەڵایەتییەوە نوێنەرایەتی دەکرێ. بەو هۆیە لە هامبورگدا بە پێی دەستووری ڕایش وەک کۆیەکی گشتی، پارتی کرێکاران تەنیا پارتی دەسەڵاتدارە. بەڵام هەر ئەو شارە وەک دەوڵەتێکی بچووکی جیا، بە هۆی تایبەت و جیاوازبوون، یاسایەکی هەڵبژاردنی تازەی تەنانەت زۆر کۆنەپەرستانەتری بۆ خۆی داڕشت لە چاو ئەوەی وا تا ئەوکات پەیڕەو دەکرا کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێی بە هەڵبژێردرانی سۆشیال دێمۆکڕاتەکان لە ئەنجومەنی هامبورگدا نەدەدا.

لە نەمسا۔هەنگاریاش هەر ئەو شتە دەبینین. لە لایەک پێوەندیی فیدراڵی نێوان هەنگاریا و نەمسا بە جێی ئەوەی پیشاندەری ئازادی و گەشەکردن بێت نیشاندەری کۆنەپەرستیی پاشایەتیخوازانەیە، چونکە دیارە ئەو دوانەگەرییەی نەمسا/هەنگارییە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی زنجیرە پاشایەتی هاپسبورگ دانراوە و سۆشیال دێمۆکڕاسیی نەمسا بە ئاشکرایی ڕایگەیاند دەیەوێ ئەو فیدراسیۆنە بەتەواوی تێکدرێ و هەنگاریا یەکسەر لە نەمسا جیا بێتەوە.

بەڵام ئەو هەڵوێستە بە هیچ جۆرێک لە لایەنگریی سۆشیال دێمۆکڕاسیی نەمسا لە دژەناوەندیبوون بە گشتی وەرناگیرێ بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەیە: واتە ئەنجامی ئەو فاکتەیە کە پێوەندیی فیدراڵی نێوان

[59] Mecklenburg

هەنگاریا و نەمسا لەمپەرێکە لە سەر ڕێی ناوەندیکردنێکی سیاسیی تەنانەت گەورەتر لە ناوخۆی نەمسادا بە مەبەستی سەقامگیرتر و یەکپارچەتربوونی ئەو و لێرە هەر ئەو پارتە سۆشیال دێمۆکراتە، پشتیوانی یەکگرتوویی پتەوی هەر چی زیاتر لەگەڵ وڵاتی پاشایەتیە و دژی هەر جۆرە لایەنگرییەک لە جیابوونەوەی گالیسیا، بۆهێمیا، تریستە[60]، ترێنتینۆ[61] و ئەوانی ترە. لە ڕاستیدا تەنیا ناوەندی گەشەکردنی سیاسی و دێمۆکراتیکی نەمسا، سیاسەتی ناوەندیی خۆیەتی، واتە پەڕلەمانی ناوەندی لە ڤییەنا کە لە پێشکەوتی خۆیدا گەیشتە مافی دەنگدانی یەکسانی گشتی، لە حاڵێکدا ئەنجومەنە خۆبەڕێوەبەرەکانی گالیسیایی، ژێر نەمسایی و بۆهێمیایی، قەڵای تۆکمەی دڕندانەترین کۆنەپەرستیی سەر بە نەجیبزادەیی یا بوورژوازین.

لە کۆتاییدا دوایین ڕووداوی مێژووی پێوەندییە فیدراڵیزمیەکان کە هەمان جیابوونەوەی نەرویج لە سویدە لە کاتی خۆیدا لە لایەن پارتە سۆشیال نیشتمانپەروەرەکانی پۆڵەنداوە (چاو لە گۆڤاری **بەرەوپێش**ی کراکۆو بکەن Naprzod) درێژەی پێدرا کە وەک نمایشێکی شادیهێنەر لە هێز و پێشکەوتوویی حەزە جیاییخوازانەکان وابوو و بەزوویی بوو بە بەڵگەیەکی سەرسووڕهێنەری نوێ  کە سەلماندی فیدراڵیزم و جیابوونەوەی دەوڵەتی، کە ئەنجامی ئەو بوو، بە هیچ شێوەیەک نیشاندەری پێشکەوت یان دێمۆکڕاسی نین. کاتێک ئەو شتەی وا «شۆڕشەکان»ی نەرویجی ناو دەنرا و لەودا پاتشای سوید تاج و تەختی لێ سەندراوە و لە نەرویج دەر کرا نەرویجییەکان بە بێدەنگی پاتشایەکی تریان بۆ خۆیان هەڵبژارد و تەنانەت بە شێوەی فەرمیش بە دەنگدانی گشتی ڕاگەیاندنی کۆماریان ڕەت کردەوە. ئەو کارە کە لایەنگرانی خۆشخەیاڵی هەموو بزووتنەوە نەتەوەییەکان و هەموو سەربەخۆییخوازە درۆیینەکان وەک «شۆڕش» هاواریان بۆ دەکرد، تەنیا نمایشێکی سادەی تایبەتگەرێتیی دێهاتی و بوورژوایی بوو، واتە ئاواتێک بۆ ئەوەی بۆ (سەر) پارەی خۆیان خاوەنی «پاتشای خۆیان» بن نەک ئەوەی لە لایەن ئاریستۆکڕاسیی سویدییەوە بەسەریان داسەپابێ؛ هەر بۆیە ئەو بزووتنەوەیە هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ گەوهەری شۆڕشگێڕی نەبوو. هاوکات مێژووی لێکبڵاوبوونی یەکێتیی سوید و نەرویج دیسان سەلماندی کە تەنانەت لێرەشدا فیدراسیۆن، هەمیشە درکاندن و نواندنی بەرژەوەندییەکانی زنجیرەی پاشایەتی تۆخ بووە، واتە شێوەیەک لە پاشایەتی و کۆنەپەرستی.

## VI

بیرۆکەی فیدراڵیزم وەک چارەسەرێک بۆ پرسی نەتەوایەتی و بە گشتی وەک «ئایدیالێک»ی سیستەمی سیاسی لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا، کە شێست ساڵ لەمەوبەر لە لایەن باکونین و ئەنارکیستەکانەوە

[60] Triste
[61] Trentino

هاتە ئاراوە، ئێستاکە لە کن هەژمارێک لە گرووپە سۆشیاڵیستییەکانی ڕووسیا پەناگەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. نمایشی بەرچاوی ئەو بیرۆکەیە و پێوەندیی ئەو لەگەڵ خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا لە سەردەمی ئێستادا، لە لایەن کۆنگرەی ئەو گرووپە فیدراڵیستیانەی هەموو ڕووسیاوە هێنراوەتە ئاراوە کە لە گەرمەی شۆڕشی ئەو دوایانەدا '١٩٠٥' بەڕێوە چوو و لێکدانەوەکانی بە شیکاری وردەوە چاپ کرا و بڵاو کراوە.[i]

بەر لە هەموو شتێک ئاشکراکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕوخساری سیاسی و «سۆشیاڵیزمی» ئەو گرووپانە، سەرنجڕاکێشە. لەو کۆنگرەیەدا فیدراڵیستەکانی جۆرجیایی، ئەرمەنی، ڕوسیای سپی، جوولەکە، پۆڵەندی و ڕووسی بەشدار بوون. پارتی فێدێرال سۆشیاڵیستی جۆرجیا بەگشتی ـ بە پێی ڕاگەیاندنی خۆیان ـ نەک لە ناو جەماوەری ناو شار بەڵکوو لە قەراغ شارەکانیش(گوندەکان) چالاک بوون، چونکە ڕەگەزی جۆرجیایی تەنیا لەو جێیانە بەکۆمەڵ دەژیان؛ هەژماریان نزیکەی ١ لە ٢ ملوێن کەسن و زیاتر ناوچەکانی وەک تێفلیس، کوتای و تا ڕادەیەکیش لە باتوم کۆبوونەتەوە. ئەو پارتە تا ڕادەیەک یەکسەر لە دێهاتەکان و وردەنەجیبزادەکان ئەندامی وەرگرتووە. نوێنەری پارتی سۆشیاڵیست فیدراڵیست ڕایدەگەیێنی:" گوندنشینانی جۆرجیایی، لە درێژەی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی سەربەخۆ، بێ ئەوەی پشت بە بۆرۆکراسیی ناوەندیگەر ببەستن، جا ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە چ زۆرداریگەرا بێت، چ پشت بە دەستوور بێت چ سۆشیال دێمۆکراتیک(!)، ڕەنگە یارمەتی و هاوسۆزی لە لایەن ئەو وردەنەجیبزادانەی چۆرجیاییەوە پێ بگا کە لە زەوییەکشت و کاڵییەکاندا دەژین و بە پێی قەبارەی موڵک و ماڵیان و شێوەی ژیانیشیان تۆزێک لە گوندنشینەکان جیاوازن". هەر بۆیەش ئەو پارتە پێی وایە، تەنانەت ئەگەر لێکدانەوەیەکی سەربەخۆ بە سروشتێکی بنەڕەتیشمان ببێت(!)، هەلومەرجی کردەیی کشتوکاڵی جۆرجیاییەکان، خوازیاری چارەسەرکردنی پرسی زەوی و زار، وەک پرسێکی چینایەتییە و کێشەی گوندنشین و نەجیبزادەکان تەنیا وەک پرسێکی گشتیی نەتەوەیی، وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان وەک کێشەیەکی کار(!) لێک دەدرێتەوە. فیدراڵیستە جۆرجیاییەکان، ئەگەر بەو بۆچوونە پێشینییانەوە دەس پێ بکەین، لە هاوئاهەنگی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵایەتیی ڕووسیا، بۆ «کۆمەڵایەتیکردنی[62] زەوی تێدەکۆشن کە دەکرێ لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری یان بوورژواییەوە دەستەبەر کرێ». مەرجێکی بەجێ کە بمانەوێ بەو بەرنامەیەی زێدە بکەین ئەوەیە کە «کۆمەڵایەتیکردن» نابێ باغ و ڕەز و کشتوکاڵە تایبەتەکان یان مەزراتایبەتەکان[63] بگرێتە خۆ، چونکە ئەو زەوییانە«کار و ئامرازی مادی تایبەتیان پێویستە و لە یەک یان چەند ساڵ بە ئاکام ناگەن، هەر بەو هۆیەش گوندنشینێکی جۆرجیایی ناتوانێ ئاوا بە سووک و هاسانی

[62] Socialization
[63] Farms

دەستی لێ بکێشێتەوە». بەو جۆرە موڵکی تاکەکەسیی تایبەت بۆ «کێڵان» و «سۆشیالیزم»، بۆ بەرهەمهێنانی دەغڵ و دان دەمێنێتەوە ـ کە بەشێکی کەمی لە ناوچەی قەفقازەکان دایە ـ هەروەها بەشێکیشی خێزەڵان و زەویی بوورە و زەلکاو و دارستان و شتی وایە.

سەرەکیترین شتێک کە فیدراڵیستە سۆشیاڵیستەکان پێداگری لەسەر دەکەن ئەو مەرجەیە کە پرسی کشتوکاڵ لە گورجستاندا نە لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یاسای دەستوور و نە لە پاڕلەمانی ناوەندی نابێ بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵکوو تەنیا لە دامەزراوە سەربەخۆیە نەتەوەییەکاندا دەبێ ئەو کارە بکرێ چونکە «لە بنەمادا ژیان هەرجۆرێک سەبارەت بەو پرسە بڕیار بدا، تەنیا ئەو شتە هیچ جێگای پرس و گومان نییە کە زەوی لە چوارچێوەی جۆرجیادا بەر لە هەموو شت دەبێ ئی خەڵکی جۆرجیا بێ». ئەو پرسیارە کە چۆنە وا پارتی «سۆشیاڵیست» یەکسەر لەگەڵ وردەنەجیبزادەکان و بوورژوازی کەوت، نوێنەرەکانی فیدراڵیستە جۆرجیاییەکان وڵام دەدەنەوە تەنیا بە هۆی ئەوی کە «هیچ پارتێکی تر نییە کە داخوازەکانی ئەو چینە فۆڕمۆلە بکا».

شۆڕشگێڕیی ئەرمەنستان، واتە داشناکسوتیون Dashnaktsutyun، کە لە سەرەتای دەیەی ۱۸۹۰ بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئەرمەنییەکان لە دەست تورکیا بنیات نرا، تەنیا کارەکەی ئەوە بوو «خەڵک میلیتاریزە» بکا و بۆ ئەو کارە دەستەی چەکداری ئامادە دەکرد و دەیناردن بۆ شەڕ لە ناو تورکیا، چەکی هاوردە دەکرد، ڕێبەرایەتیی هێرشی بۆ سەر گرووپە نیزامییەکانی تورکیا دەکرد و هتد. تەنیا لەو دوایانەدا و لە سەرەتای ئەو سەدەیەی دواتردا بوو کە شۆڕشگێڕیی ئەرمەنستان چالاکییەکانی خۆی بۆ ناو قەفقازیش پەرە پێدا و هاوکات ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشی خستە بەر چاو. ئامانجی سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەکە و کردەی تێرۆریستی لە قەفقازدا، دەستداگرتنەوە بە سەر موڵکی قەشە ئەرمەنییەکان بۆ خەزێنەی (تزاری لە ساڵی ۱۹۰۳) بوو. پارتەکە بە پێچەوانەی پێشینەی پڕ شەڕ و شووڕی خۆی، لە پەنا کاری نیزامی، دەستی بە پڕۆپاگەندا لە ناو جەماوەری گوندنشین لە قەفقاز و هاوکات شەڕ دژی ڕژیمی تزاری کرد. بەرنامەی زەوی و زاری داشناکسوتیون خوازیاری ئەوە بوو کە موڵکی نەجیبزادەکان بە بێ قەرەبووکردنەوە لێیان بسەنرێت و بە شێوەی یەکسان بەسەر کۆمۆنەکاندا دابەش بکرێت. ئەو چاکسازییە دەبێ لە سەر بنەمای تاڕادەیەک خاوەنداریێتیی کۆمۆنیی گشتی لە بەشی ناوەندیی قەفقازی باشوور Trascaucasus بێت. لەو دوایانەدا لەوێ ڕەوتێکی «لاو» لەناو فیدراڵیستە ئەرمەنییەکاندا سەری هەڵدا کە بڕوایان وا بوو پارتی داشناکسوتیون تەنیا ڕێکخراوەیەکی بوورژوای نەتەوەگەرایە کە تا ڕادەیک ڕەهەندی گوماناویی سۆشیالیستیشی هەیە ـ ڕێکخراوەیەک کە لە ناویدا بنچینەگەلێکی تەواو فرەچەشنیش پێکەوە دەلکێنێ و لەکار و چالاکیی خۆیدا لە چوارچێوەیەکی سەرزەوینیی کۆمەڵایەتی-سیاسیی تەواو فرەچەشن دایە؛

واتە تورکیا لە لایەک و قەفقاز لە لایەکی تر. ئەو پارتە بە پێی ڕاگەیاندنی خۆی بنەمای فیدراڵیزمی پەسند کردووە، جا هەم وەک بناغەی پێوەندییەکانی هەموو چوارچێوەی وڵات و هەم وەک بنەمایەک کە هەلومەرجەکان لە قەفقازدا دەبێ بەوردی لەسەر ئەو بینا کرێت و دوای هەموو ئەوانەش وەک بنەمایەکی ڕێکخەر بۆ پارتەکە.

ڕێکخراوەی ڕووسیای سپی لا ساڵی ١٩٠٣دا بە ناوی هرۆمادای شۆڕشگێڕی ڕوسیای سپی[64] پێک هات. ئامانجی بەرنامەیی سەرەکیی ئەو، جیابوونەوە لە ڕووسیا بوو و لە بواری ئابووریشدا دەیویست زەوی بکاتە شتێکی نەتەوەیی. ئەو بەرنامەیە لە ساڵی ١٩٠٦دا پێداچوونەوەی بەسەردا کرا و دوای ئەوە پارتەکە خوازیاری کۆمارێکی فیدراڵ لە ڕووسیا بوو کە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی بۆ لیتوانیا و بوونی ئەنجومەنی ( یاسا) لە ڤیلنا[65] و هەروەها خۆبەڕێوەبەرییەکی فەرهەنگی نەتەوەیی ناهەرێمی بۆ نەتەوەکانی تری ناو لیتوانیا دابین بکا. هاوکات سەبارەت بە پرسی زەوی و زاریش ئەو داواکارییانەی بوو: ئەو زەوییانەی لە دەست (وەزارەتی) خەزێنەداری، کلیسا یان کەنیسەکان دان و هەروەها ئەو زەوییە گەورانەی سەرووی هەشتا و هەشت تا سەد و دە هێکتارن داگیر بکرێ ببنە زەویی دەوڵەتی و بەر لە هەموو شتێک بەسەر گوندنشینە بێزەوییەکان و ئەوانەی وا زەویی کەمیان بە دەستەوەیە وەک موڵک و زەویی میراتی دابەش بکرێت؛ بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ فەقیری و دەستەنگی بەربەرەکانی بکرێت و هەم هێزە بەرهەمهێنەرەکانی وڵات پەرەیان پێ بدرێ. بە هۆی لاوازبوونی ئاستی تێگەیشتنی گوندنشینە ڕووسیایسپاییەکان هێشتا ناتوانین کۆمەڵایەتیکردنی زەوی بدۆزینەوە. هەر بۆیەش ئەرکی پارتەکە بەدیهێنان و دابینکردنی مەزرای بنەماڵەیی دێهاتییەکانە لە قەبارەی ئاسایی نزیک دە هێکتاردا و دوای ئەوە یەکپارچەکردنی زەوییەکان. ئەوانی تر، واتە دارستانەکان، ئاوەکان (دەریاچە و گۆل و ...) و زەلکاوەکان دەبێ نەتەوەیی بکرێن. هرۆنمادا[66] چالاکیی خۆی لە ناو گوندنشینەکانی دانیشتووی ڕووسیای سپی، کە ڕێژەیان دەگاتە نزیکەی حەوت ملوێن کەس و خەڵکی ویلایەتەکانی ڤیلنا، مینسک[67]، گرۆندۆ[68] و بەشێک لە ویتێبسک[69]درێژە پێ دا.

گرووپی فیدراڵیستی جوو بە ناوی «سیرپ» [سیکل[70]]، کە تەنیا چەند ساڵ لەمەوبەر لەکەسانی ناکۆکی جوو لە ناو پارتی سۆشیال شۆڕشگێڕی ڕووسیا پێک هات، خوازیاری خۆبەڕێوەبەریی ناهەرێمی بۆ هەموو نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی ڕووسیایە؛ بەم جۆرە لەوانەوە یەکێتیی سیاسیی دەوڵەتیی خۆبەخش دروست دەبن

---

[64] Byelorussian Revolutionary Hromada
[65] Vilna
[66] Hronmada
[67] Minsk
[68] Grondo
[69] Witebsk
[70] Sickle

کە پێکەوە  دەوڵەت پێک دێنن تا لەو ڕێگایەوە بۆ ئامانجی کۆتایی خۆی هەوڵ بدات کە هەمان خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی(!) بۆ جووەکانە. ئەوان مەبەستی چالاکییەکانیان زۆرتر ڕێکخستنی کرێکارە جووەکانی شارەکانی ویتێبسک، ئێکاتێرینۆسڵاڤ[71]، کییێڤ[72] و هتدیە و چاوەڕێی بەکارهێنانی بەرنامەکەیەتی بۆ ئەوەی لە سەرکەوتنی پارتی سۆشیالیستەکانی ناو دەوڵەتی ڕووسیاوە دەستەبەر بکرێ.

چیتر باس و شیکردنەوەی دوو ڕێکخراوەکەی تر، واتە «بەشی شۆڕشگێڕی» PPS و پارتی ڕووسیی سۆشیال شۆڕشگێڕەکان، پێویست ناکات، چونکە سەرچاوە و تایبەتمەندیی ئەوان ئەوەندەی کە پێویستە ناسراوە.

بەو شێوەیە دەردەکەوێ ئەنجومەنی فیدراڵیستەکان کە ئێستا خەریکە ئەو بیرۆکە کۆن و پەککەوتەوەیەی فیدراسیۆن بەرهەم دێنێ، لە لایەن بزووتنەوەی چینایەتیی پرۆلیتاریاوە ڕەت کراوەتەوە. بەرنامەی نەتەوەگەرێتی تەنیا بۆ دەستەیەک لە وردەبوورژوازی گرینگیی سەرەکی هەیە و بەرنامەی سۆشیاڵیستیش وەک بەشێکی لکێندراوە؛ ئەوانە دەستەیەک لە پارتەکانن کە زۆرتر نوێنەری حەز و ئارەزووی ئاڵۆزی وەرزێڕەکانی دژبەرن ـ جیا لە بەشی شۆڕشگێڕی پارتی سۆشیاڵیستیی پۆڵەندا و فیدراڵیستە جووەکان ـ و نوێنەری پارتە پرۆلیتاریا چینایەتییەکانن کە لەگەڵ تۆفانی شۆڕش هاتنە دی و دژبەری ئاشکرای پارتە بوورژواکانن. لەو دەستەیەی بنچینەگەلی وردە بوورژوادا پارتی تێرۆریستەکانی ڕووسیا نەک تەنیا کۆنترین بەڵکوو زۆرترینی ئەو ڕەوتانەیە وا ماون. ئەوانی تر زۆر ئاشکراتر دەری دەخەن کە لەگەڵ خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریا هاوبەشییان هەیە.

تەنیا زەمینەیەکی هاوبەش کە کۆمەڵی ڕەنگاوڕەنگی نەتەوەگەرەکان پێکەوە دەلکێنێ بیرۆکەی فیدراسیۆن بووە و هەموویان (ئەو بیرۆکەیە) وەک بنەمایەک بۆ دەوڵەت و پێوەندیی سیاسی و پارتی دەناسن. بەڵام ڕێک لەو کاتەوە وا پرسەکە دەبێتە پرۆژەی کردەیی بۆ پێگەیشتن بەو ئایدیالە هاوبەشە، دەکەوینە ئەودیوی ئەو هاوئاهەنگییە نامۆیە و دەسبەجێ لە نێوان هەموو لایەنەکاندا ناکۆکی سەر هەڵدەدا. فیدراڵیستە جووەکان زۆر بە تاڵی گلەییان هەیە لە دەس «خۆبەزلزانی»ی ئەو نەتەوانە وا چارەنووس «چوارچێوەیەکی» خاکی پێ بەخشیون، بەتایبەت لە خۆپەسندیی سۆشیال نیشتمانپەروەرانی پۆڵەندی کە زۆرترین دژایەتییان لەگەڵ پرۆژەی خۆبەڕێوەبەریی ناهەرێمی نیشان داوە؛ هەر ڕێک لەو کاتەشدا ئەو ناسیۆناڵیستە جوولەکانە بە خەم و خەفەتێکی زۆرەوە دەیانوت بڵێی فیدراڵیستە جۆرجیاییەکان پێمل بن بەوەی کە نەتەوەیەکی تر لە خاکی ئەواندا هەبێ ـ هەر ئەو خاکەی وا وەک موڵکی قۆرغکراوی تایبەتی

[71] Ekaterinoslav
[72] Kiev

نەتەوەی جۆرجیایان دەزانی؟ فیدراڵیستە ڕووسییەکانیش لە لایەکی ترەوە جووەکانیان تاوانبار دەکرد و دەیانوت لە پێگە و هەڵوێستی جیاوازی ئەوانەوە دەیانەوێ خۆبەڕێوەبەریی ناهەرێمی بەسەر هەموو نەتەوەکانی تر داسەپێنن. فیدراڵیستەکانی قەفقازی، ئەرمەنی و جۆرجیاییش لە بابەت پێوەندی نێوان نەتەوەکان لە سیستەمی فیدراڵی داهاتوودا، ناتوانن هاوڕا بن، بەتایبەت لەو پرسە کە ئایا نەتەوەکانی تر دەبێ لە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمیی گورجییەکاندا بەشدار بن یان نا، «یان ئایا ناوچەگەلێکی وەک ئاخالکالاک[73]، کە زۆربەی دانیشتوانی ئەرمەنین، یان بارچابین[74]، کە جەماوەرێکی تێکەڵاوی تێدایە، هەر کام یەک هەرێمی خۆبەڕێوەبەری تاک پێک دێنن یان بە پێی پێکهاتەی جەماوەرەکەیان خۆبەڕێوەبەرییەک بۆ خۆیان دروست دەکەن». ئەرمەنییە فیدراڵیستەکان بەش بە حاڵی خۆیان دەیانەوێ شاری تیفلیس لە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری جۆرجیا دەرهاویشترێ چونکە ناوەندێکە کە بەشی سەرەکی دانیشتوانی ئەرمەنین. لە لایەکی ترەوە هەموو فیدراڵیستە ئەرمەنییە جۆرجیاییەکان پێیان وایە کە هەنووکە ـ دوای کوشتاری تاتار-ئەرمەنییەکان ـ تاتارەکان دەبێ لە خەڵکی خۆبەڕێوەبەری قەفقاز دەرهاویشترێن چونکە نەتەوەیەکی لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە دواکەوتوون! بۆیە ئەو جەماوەرە فرەچەشنەی ناسیۆناڵیست کە یەکسەر پشتیوانی بیرۆکەی فیدراسیۆنن بەهۆی بەرژەوەندیی و حەزی دژبەر، دەگۆڕێن و یەکئاراستە نامێنن. هەروەها ئایدیالی فیدراڵیزم کە لە ئەنارکیزمی تیۆریک و خەیاڵی سەروومێژوویی خۆیدا، پێی وایە باشترین چارەسەرە بۆ هەموو کێشە نەتەوەییەکان، لە یەکەم هەنگاوی جێبەجێبوونیدا دەردەکەوێ کە سەرچاوەی دژیەکییەکی تازە و ناکۆکییە. لێرەدا بەتەواوی سەلمێنرا کە بیرۆکەی فیدراڵیزم کە وادەزانرا هەموو نەتەوەکان بە مراد دەگەیێنێ، تەنیا کۆوشەیەکی پووچە و هیچ بیرۆکەیەک کە لە گەوهەردا یەکپارچەگەر بێت و بناغەیەکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی بەرژەوەندییە دژیەکەکان دابین کات لە ناو هەموو گرووپە ڕەنگاوڕەنگە نەتەوەییەکاندا، بوونی نییە، هۆکارەکەشی ڕێک ئەوەیە بنەمای مێژووییان نییە.

بەڵام هەر ئەو فیدراڵیزمە جیا لە زەمینەی مێژووییەکەی، لاواز و داماوبوونی تەواوی خۆی جگەلە ڕوانگەی ناکۆکیی نێوان نەتەوەکاندا بە شێوەی کردەیی، بەڵکوو بە گشتی لە ڕوانینی پرسی نەتەوایەتیشدا دەر دەخا. بابەتی کاریی سەرەکیی کۆنگرەی ڕووسیا، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی پرسی نەتەوەیی بوو و ئەو ئەرکەی بە شێوەیەکی بێسنوور بە «ڕێبازگرژی[75]» و فۆڕمۆلەکانی «دۆکتۆراینی بەرتەسکی مارکسیزم» گرتە ئەستۆ. (ئەو کۆنگرەیە) چ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ یەکێک لە گرینگترین پرسەکانی ژیانیی سیاسیی هەنووکە دا بە دەستەوە؟ نوێنەری پارتی سۆشیال شۆڕشگێڕ لەگوتاری خۆی لە سەرەتای دەسبەکاربوونی کۆنگرەکەدا

---

[73] Alkhakalak
[74] Barchabin
[75] Dogma

ڕایگەیاند: "لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤ پێش هاتنەئارای سۆشیالیزم دەکرێ ئەو وتانەی کتێبی پیرۆزی ئینجیل وەک دروشم و ئامانج دابنرێ: «و ئەوان فەرمانیان پێ دا بلێ «شیبۆلێ»[76] و ئەویش گوتی «شیبۆلێ» و ئەوان لە دەراوی چۆمێکدا کوشتیانن». لە ڕاستیدا زۆرترین خوێنێک کە لە ململانێی نێونەتەوەییدا رژاوە بە هۆی ئەو حەقیقەتە بووە کە نەتەوەیەک «شیبۆلێ»ی بێژە کردووە و یەکێتریش وتوویەتی «شیبۆلێ» (واتە کوشتوویەتی)". دوای ئەو پێشەکییە بنچینەییەی فەلسەفەی مێژوو، لێرەدا هەندێک وتە لە هەمان ئاستدا و دانوستان سەبارەت بە پرسی نەتەوەگەری باس دەکەین کە لە بیرکردنەوەی فیدرالیستە جۆرجیاییەکاندا دەگاتە لوتکەی خۆی و دەڵێ:

لە چاخی سەرەتاییدا کاتێک کاری سەرەکیی خەڵک ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان و بوونەوەری وەک خۆیان بوو، ئەوان نە خاوەن بوون و نە کۆیلە. دۆخی یەکسانی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تێک نەدەدرا؛ بەڵام دواتر کاتێک خەڵک زانییان لە سەر زەوی کشتوکاڵ بکەن، بە جێی کوشتن و خواردنی ئەوانەی وا دەیانگرت، هەر وا بە دیلی ڕایان دەگرتن. بەو پێیە هۆکاری ئەوەی کۆیلایەتی هاتە ئاراوە چی بوو؟ ئاشکرایە کە جگەلە بەرژەوەندیی مادی، ئەو دۆخەش هۆکار بوو کە: مرۆڤ بە پێی سروشتی جەستەیی خۆی ڕاوکەر و شەڕکەر(!) بوو. دروستە کە ئێستا مرۆڤ لە مێژە بۆتە ئاژەڵێکی پیشەساز بەڵام تەنانەت هەر ئێستاکەش ڕاوکەر و دڕندەیە و دەتوانێ دراوسێیەکەی بۆ بچووکترین بەرژەوەندیی مادی هەڵدڕێ. ئەو شتە بنچینەی شەڕی هەمیشەیی و بێکۆتایی و زاڵبوونی چینەکانە. بە شێوەی سروشتی سەرچاوەی زاڵبوونی چینایەتی لە ژێر کارتێکەریی هۆکارگەلێکی تریش بووە، بۆ نموونە توانایی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە یەکی تر خوو بگرێ. بەڵام هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەگەر مرۆڤ شەڕکەر نەبوایە کۆیلایەتیش بەدی نەدەهات".

لێرەدا وێنەیەکی خوێناوی لە چارەنووسی ئەو نەتەوانە دەگێڕینەوە کە بندەستی تزارییەکان بوون و دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەکی تیۆریکیشمان دەبێ:

"ڕەنگە یەکێک بلێ دەسەڵاتی بۆرۆکراتیک تەنیا لە ناوچە سنوورییەکاندا دڕندایەتی ناکا بەڵکوو لە خودی ڕووسیاشدا هەر وادەکا. ئێمە تەواو لەو شتە تێدەگەین. نەتەوەیەک کە نەتەوەکانی تر دەخاتە ژێر چۆکی خۆی، لە کۆتاییدا خۆشی دەخاتە کۆیلایەتییەوە. بۆ نموونە هەرچی ڕۆم[77] دەسەڵاتی خۆی پەرە پێدا بندەستەکانیان[78] زیاتر ئازادییان نەدەدما. نموونەیەکی تر: لە گەرمەی شۆڕشی گەورەی

---

[76] Shibboleth ڕەمزی شەو. وشەی تاقیکاریی ئەوەی یەکێک لە دەستەی خۆتە یان نا و بە شێوەیە بتوانی بیناسییەوە . وەرگێڕ

[77] Rome

[78] Plebian واتە چینی بندەستی گەورەکان patrician پاتریشییەنەکان بوون

فەڕەنسادا، سەرکەوتنی نیزامیی سپای شۆڕشگێڕەکان بەرهەمی شۆڕش ـ واتە کۆمار(!) ـ ی پووچەڵ کردەوە. خودی ڕووسییەکان ئازادییەکی زۆر زیاتریان بوو پێش ئەوەی وەک دەوڵەتێکی زلهێز یەکپارچە بن، واتە کاتی دەسەڵاتداریی شازادە جیاجیاکان". بەو شێوەیە بیرەوەرییەکە گوتاری مێژووی‌ـفەلسەفیی خۆی کۆتایی پێ دێنێ؛ ئازادی لەگەڵ شەڕەشەق و تێکهەڵدان ڕێک ناکەوێ. داگیرکەری گرینگترین هۆکارێک بوو کە کۆیلایەتی و زاڵبوونی هەندێک چینی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەوانی تردا بەدی هێنا.س

ئەوە هەموو ئەو قسانەیە وا فیدراڵیستەکانی ئێستا دەتوانن سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی بیڵێن. ئەوە ڕێک هەمان ئەو وتانەیە وا لە ڕوانگەی «دادوەری»، «برایەتی»، «مۆڕالیتی» و قسەی جوانی تردا، شێست ساڵ لەمەوبەر ا بەرهەڵستبوونەوە دژی خەباتی چینایەتیی شۆڕشگێڕیی یەکگرتووی پرۆلیتاریا لە هەموو ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیادا.

---

[i] See the proceedings of the Russian National socialist parties, April 16-20, 1907, Knigoi Izdatielstvo, sejm (St. Petersburg: 1908).